تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
ژمارە (5793)یەک شەممە 21ی تەمموز 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

سەرۆکی هەرێمی کوردستان نامەیەکی لە وەزیری دەرەوەی فەڕەنساوە پێدەگات

فەڕەنسا لە کاتی ئاشتیدا لەگەڵ ئێوە دەمێنێتەوە وەکو چۆن لەکاتی جەنگدا لەگەڵ ئێوە بوو

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نامەیەکی لە ژان ئیڤ لۆدریان وەزیری دەرەوەی فەڕەنساوە پێگەیشت. لە نامەکەدا کە بەرواری ڕۆژی چوارشەممە 17ی تەمموزی 2019ی لەسەرە، بەڕێز وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا ستایشی ڕۆڵی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی دەکات لە سەرۆکایەتیکردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕابردوودا و بە بڕوا و متمانەوە لە ڕۆڵی داهاتووی دەڕوانێت. **(دەقی نامەکە لە ل2 بخوێنەوە)**

پەرلەمانتاریێک:

پێشکەوتنی باش بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی ناوچە کوردستانییەکان هەیە

بڕیاردەری لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق گوتی، هەرێم و بەغدا بەردەوامن لە گفتوگۆکردن لەبارەی ئاساییکردنەوەی دۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و پێشکەوتنی زۆر باشیش لە گفتوگۆکاندا هەیە.
(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

مەسروور بارزانی: بۆچی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە دەستپێکی قۆناخێکی نوێدایە

چوار ساڵی داهاتوو، گرنگ دەبێت بۆ ئێمە و دراوسێ و هاوپەیمانەکانمان

3

بکوژی سەرەکی و هاوکارێکی هێرشی سەر ڕێستۆرانتێکی شاری هەولێر دەستگیر کران







دوێنێ شەممە 2019/7/20 دژەی تیرۆری کوردستان لە دوو ڕاگەیەندراوی جیادا دەستگیرکردنی بکوژی سەرەکی و هاوکارێکی پەیوەندار بە کردەوە تیرۆریستییەکەی تەقەکردن لە ریستورانتێکی شاری هەولێر ڕاگەیاند. ئەمەش دەقی هەردوو ڕاگەیەندراوەکەیە:

ئاگادارییەک لە دژە تیرۆری کوردستان:

ئاگاداری هاوواڵتیان دەکەینەوە، تاوانبار مەزلوم داغ کە دوو ڕۆژ لەمەوبەر وێنەی وەک داواکراو لە پەیجی دژە تیرۆری کوردستان بڵاوکرایەوە، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر و دژە تیرۆری کوردستان دەستگیر کرا.

زۆر سوپاسی هاوکاری بێ پایانی هاوواڵتیان دەکەین و وردەکاری زیاتر دواتر بڵاودەکرێتەوە.

***

ڕاگەیەندراوێک لە دژە تیرۆری کوردستانەوە

یەکێک لە هاوکارانی (مەزلوم داغ)، تاوانبار لە کردەوە تیرۆریستییەکەی تەقەکردن لە ریستورانتێکی شاری هەولێر، بەناوی (محەمەد بیسکسز) کە ناسراوە بە (دژوار، مامەند، یوسف)، ئەمڕۆ شەممە 2019/7/20 لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر و دژە تیرۆری کوردستان دەستگیر کرا.

تا ئێستا توانراوە سێ هەزار و 487 ئێزدی لەدەستی داعش ڕزگار بکرێن

نووسینگەی ڕزگارکردنی ڕفێنراوانی ئێزدی دوایین ئامارەکانی پەیوەست بە پرسی ڕفێنراوەکانی ئێزدیی دەستی داعش بڵاوکردەوە و ڕایگەیاندووە: هێشتا دوو هەزار و 930 ئێزدی لەدەستی داعشدا ماون، دەشڵێت: داعش 68 مەزارگە و شوێنی پەرستشی ئێزدی تەقاندووتەوە و ڕوخاندووە. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

ئەو گەشتیارە کوردانەی بەهۆی بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان لە تورکیا دەستگیرکرابوون ئازادکران

ئەو گەشتیارە کوردانەی کە ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو لە یەکێک لە ناوچەکانی گەشتیارییەکانی شاری ترابزۆنی تورکیا، بەهۆی بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستانەوە دەستگیرکرابوون، ئێوارەی ڕۆژی هەینی ئازادکران. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



چاوەڕێی کاردانەوەیەکی سەربازی فرەلایەنەی ئەمەریکا و بەریتانیا و فەڕەنسا دژ بە ئێران دەکرێت

بەریتانیا دواهۆشداری بە دەسەڵاتدارانی ئێران دەدات و وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتەش دوای دەستبەسەرداگرتنی کەشتییەکی بەریتانی کە 23دەریاوانی تێدابوو دەڵێت: دەترسم دەسەڵاتدارانی ئێران ڕێگە هەڵەکەیان هەڵبژاردبێت و هەست بەو مەترسییە نەکەن کە چ ڕێڕەوێکی هەڵەیان گرتووەتەبەر. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

بەرەکات شەمۆ:

پارتی 21 پۆست لە مووسڵ وەردەگرێت و سیقیی سەرجەم کاندیدانیش پێشکەش کراوە

سەرۆکی فراکسیۆنی برایەتی و پێکەوەژیان لە ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ دەڵێ، پارتی دیموکراتی کوردستان لەناو پارێزگای مووسڵ 21 پۆست وەردەگرێت و سیقیی سەرجەم کاندیدانیش پێشکەش کراوە و چاوەڕێ دەکرێت ئەم هەفتەیە پۆستەکان وەربگیرێن. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

5

سعوودیە ڕەزامەندی نیشان دا پێشوازی لە هێزی دیکەی ئەمەریکا بکات

عێراق.. قۆناغی دووەمی ئۆپەراسیۆنی «ئیرادەی نەسر» دەستپێکرد

وەزارەتی بەرگری عێراق، ڕایگەیاند کە دوای قۆناغی دووەمی ئۆپەراسیۆنی "ئیرادەی نەسر" بە ئامانجی پاکسازیکردنی سنووری باکووری شاری بەغدا تا دەگاتە ناوچەکانی دەوروبەری پارێزگاکانی دیالە، سەڵاحەددین و ئەنبار، دەستی پێکراوە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

سەرۆکی هەرێمی کوردستان نامەیەکی لە وەزیری دەرەوەی فەڕەنساوە پێدەگات

فەڕەنسا لە کاتی ئاشتیدا لەگەڵ ئێوە دەمێنێتەوە وەکو چۆن لەکاتی جەنگدا لەگەڵ ئێوە بوو



بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نامەیەکی لە ژان ئیڤ لۆدریان وەزیری دەرەوەی فەڕەنساوە پێگەیشت. لە نامەکەدا کە بەرواری رۆژی چوارشەمە 17ی تەمموزی 2019ی لەسەرە، بەڕێز وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا ستایشی رۆڵی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی دەکات لە سەرۆکایەتیکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕابردوودا و بە بڕوا و متمانەوە لە رۆڵی داهاتووی دەڕوانێت. ئەمە دەقی نامەکەیە:

جەنابی سەرۆک،

دوای ئەو خۆشحاڵی و شەرەفەی پێم بەخشرا بە پێشوازیکردنتان لە پاریس لە 10ی تەمموز، بە پێویستم زانی جارێکی دیکە گەرمترین پیرۆزباییی خۆم بۆ ئێوە نوێ بکەمەوە بە هەڵبژاردنتان وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق و هیوای سەرکەوتنتان بۆ بخوازم لە بەجێگەیاندنی بەرپرسیاریەتییە گەورەکاندا کە لەمەودوا هی بەڕێزتانن، هەروەها دەمەوێ سوپاستان بکەم بۆ ئەو گفتوگۆیە بنیاتنەرانەی لە میانی سەردانەکەتاندا لە کەشێکی پڕ لە متمانەدا هەمانبوو.


ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو، لە چەندین دەرفەتدا، پێزانینی زۆرم هەبووە بۆ لێهاتوویی‌تان وەکو سەرکردە و هەستی بەپرسیاریەتیتان، بەتایبەتیش لە میانی ئەو قەیرانەی لە ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هاتە کایەوە، کە هەوڵە هاوبەشەکانمان بوونە هۆی هێورکردنەوەی ئەو گرژییەی هەرێمی لە سەقامگیریی عێراق دەکرد، هەروەها دەمەوێ دەستخۆشی لە ڕۆڵی یەکلاکەرەوەتان بکەم کە لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا ئەنجامتان دا لە قوواڵکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵاتدارانی عێراق و دەسەڵاتدارانی کورد.

دەوڵەمەند بە دە ساڵی ڕابردوو وەکو سەرۆکی حکوومەتی هەرێم، ئێوە ئەزموون و شەرعیەتی تەواوتان هەیە بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتێکی پڕ لە هیوا بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر و پتەوکردنی ئاسایشی هەرێمەکەتان و عێراق بە گشتی بەرامبەر هەر مەترسییەکی سەرهەڵدانەوەی تیرۆریزمی جیهادی و جێبەجێکردنی ڕیفۆرمی پێویست بۆ خۆشگوزەرانیی کوردستانی عێراق.

فەڕەنسا لە کاتی ئاشتیدا لەگەڵ ئێوە دەمێنێتەوە وەکو چۆن لەکاتی جەنگدا لەگەڵ ئێوە بوو، وەفادار بەو پەیوەندییە میژوویی و لەپێشینانەی پێکەوە گرێمان دەدەن کە جەنگی دژی داعش ئەو پەیوەندیانەی زیاتر پتەو کرد و پێداگیرە لەسەر پابەندیی خۆی بۆ ڕێزگرتن لە ئاواتەکانی کورد لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوو و فیدراڵ و دیموکراتیدا. دەتوانن دڵنیا بن لە سووربوونی ئێمە بۆ قوواڵکردنەوەی هەماهەنگیمان لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراق لە هەموو بوارەکاندا.

ڕێزدار جەنابی سەرۆک، تکا دەکەم کە بڕوا بە ستایشی بێپایانم بکەن.

ژان ئیڤ لۆدریان



گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان:

تاوانباری سەرەکی تەقەکردنەکەی هەولێر دەستگیر کرا

دوێنێ شەمە 2019/7/20 گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیەندراوێکدا هەواڵی دەستگیرکردنی "مەزلوم داغ"ی سەرپەرشتیار و بکوژی سەرەکی کردەوەی تەقەکردن لە ڕێستورانتێکی شاری هەولێر ڕاگەیاند. ئەمەش دەقی ڕاگەیەندراوەکەیە:

دوای هەڵمەتێکی فراوانی هێزەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، "مەزلوم داغ"ی سەرپەرشتیار و بکوژی سەرەکی کردەوەی تەقەکردن لە ڕێستورانتێکی شاری هەولێر، لەلایەن هێزی دژە تیرۆری کوردستانەوە دەستگیر کرا. ئێمە لە کاتێکدا سوپاسی هێزەکانی ئاسایش و دژە تیرۆری کوردستان دەکەین کە بە خێرایی توانیان تاوانبارەکە دەستگیر بکەن.

سوپاسی هاوواڵتیانی هەرێمی کوردستانیش دەکەین بۆ هاوکاری و پەرۆشیان. دڵنیاشتان دەکەینەوە کە هەوڵەکان بۆ دەستگیرکردنی هەموو تاوانبارانی پەیوەندیدار بەم ڕووداوە بەردەوامە.

گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان
20تەموز 2019

ناسر هەرکی:

پێشکەوتنی باش بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی ناوچە کوردستانییەکان هەیە



بڕیاردەری لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق گوتی، هەرێم و بەغدا بەردەوامن لە گفتوگۆکردن لەبارەی ئاساییکردنەوەی دۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و پێشکەوتنی زۆر باشیش لە گفتوگۆکاندا هەیە.

ناسر هەرکی، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی رایگەیاندووە، کە لیژنەی هاوبەشی هەرێم و بەغدا بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بەردەوامە لە گفتوگۆکانی و پێشکەوتنی زۆر باشیش هەیە، لە ئێستاشدا تەنها لەسەر ئەوە ماوە ڕێککەوتن بکرێت، کە ڕێژەی بەشداریکردنی هێز لەو ناوچانە چۆن بێت و هەر یەکەو پێشنیازێکی هەیە و کوردیش داوای کردووە زۆرینە بێت، چونکە کورد لەو ناوچانە زۆرینەیە. هەرکی گوتیشی: بۆ دیاریکردنی پاریزگارێکی تازە، پارتی و یەکێتی لیژنەیەکیان پێکهێناوە و لەگەڵ بەغدا گفتوگۆ دەکەن بۆ ئەوەی پۆستی پاریزگاریش وەرگرنەوە و لە لیژنەی ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووکیش باس کراوە، کە ئەو پۆستە پشکی کوردە و پێویستە وەربگرنەوە. دەشڵێ: هەر کاتێک ڕێککەوتن کرا، ئەو هێزە تازانەی ڕێککەوتنی لەسەر دەکرێت، لەو ناوچانە جێگیر دەکرێن.

بەرەکات شەمۆ : پارتی 21 پۆست لە مووسڵ وەردەگرێت و سیڤیی سەرجەم کاندیدانیش پێشکەش کراوە

سەرۆکی فراکسیۆنی برایەتی و پێکەوەژیان لە ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ دەڵێ، پارتی دیموکراتی کوردستان لەناو پارێزگای مووسڵ 21 پۆست وەردەگرێت و سیڤیی سەرجەم کاندیدانیش پێشکەش کراوە و چاوەڕێ دەکرێت ئەم هەفتەیە پۆستەکان وەربگیرێن.

بەرەکات شەمۆ، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: پارتی دیموکراتی کوردستان لە پارێزگای مووسڵ 21 پۆستی بەڕێوەبەری گشتی و جێگری بەڕێوەبەری گشتی پۆلیس وەردەگرین.



شەمۆ گوتیشی: بەڕێوەبەرە گشتییەکان پێویستە لە ئەنجوومەن پەسەند بکرێن و ئەوانەی دیکەش فەرمانی دەستبەکاربوونیان لە پارێزگا دەردەچێت و لە چوار بەڕێوەبەری گشتی، بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی بەر ئێمە کەوتووە و سێ کاندیدمان پێشکەش کردووە و پشتگیری لە یەکێک دەکەین، ئەویش ئێستا جێگری بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردە و بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستییە و سیڤیی سەرجەم پۆستەکانی دیکەش پێشکەش کراون و چاوەڕێ دەکرێت ئەم هەفتەیە سەرجەم پۆستەکان وەربگرینەوە.

ناوبراو دەشڵێ: بڕیار بوو هەفتەی ڕابردوو پۆستی بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی لە ئەنجوومەن پەسەند بکرێت، بەڵام سیڤیی کاندیدەکان دواکەوت، بۆیە ئەم هەفتەیە ئەو پۆستە یەکلایی دەکرێتەوە.

تەندروستی مووسڵ و بەڕێوەبەری ئاو و بەڕێوەبەری کشتوکاڵ و جێگری بەڕێوەبەری گشتیی وبەرهێنان و جێگری بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردە و بەڕێوەبەر و چەند پۆستێکی دیکەش لەناو دیوانی پارێزگا و ژمارەیەکی بەڕێوەبەری بەشەکانیش وەردەگرێت، لەوانە بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستییە و بەڕێوەبەری گشتیی پزیشکی و چاوەڕێ دەکرێت ئەم هەفتەیە سەرجەم پۆستەکان وەربگرینەوە.

فەهیم عەبدوڵڵا:

چاوەڕوانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانین بۆ دەستپێکردنەوەی دانیشتنەکانمان

سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک ڕایدەگەیەنێت، دوای پەسەندکردنی هەموارەی یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، بە شێوەیەکی یاسایی دەستبەکاربوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک، بۆ ماڵپەڕی پارتی ڕایگەیاندووە: پاش ئەوەی پەرلەمانی کوردستان هەموارەی یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکانی پەسەند کرد، لە ئێستادا چاوەڕوانین لەلایەن سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانەوە بێتە پەسەندکردن و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاو ببێتەوە، ئینجا دەکەوێتە واری جێبەجێکردنەوە، ئەوکاتیش بە شێوەیەکی یاسایی دەتوانین ئیشوکارەکانمان ئەنجام بدەین و هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان. لەبارەی کاتی دەستبەکارکردنەوەیان بە شێوەیەکی یاسایی، فەهیم عەبدوڵڵا، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک، بۆ ماڵپەڕی پارتی ڕایگەیاندووە: پاش ئەوەی پەرلەمانی کوردستان هەموارەی یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکانی پەسەند کرد، لە ئێستادا چاوەڕوانین لەلایەن سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانەوە بێتە پەسەندکردن و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاو ببێتەوە، ئینجا دەکەوێتە واری جێبەجێکردنەوە، ئەوکاتیش بە شێوەیەکی یاسایی دەتوانین ئیشوکارەکانمان ئەنجام بدەین و بەردەوام بین.

عەبدوڵڵا گوتیشی: لە ماوەی ڕابردووەوە بەردەوام بووین لە کارەکانی ڕۆژانەمان بۆ خزمەتکردنی خەڵک، لە ئێستاشدا ئامادەکارییە خۆمان دەکەین بۆ ئەوەی بتوانین گوڕوتینێکی تر بە ئیشوکارەکانمان بدەینەوە. سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک دەشڵێت: لە ماوەی داهاتوودا کار لەسەر ئەو کێشانە دەکەین، کە پەیوەندیی ڕۆژانەی بە ژیانی خەڵکەوە هەیە، وەکو کارەبا و ئاو و زێدەڕۆیی و کێشەکانی تر، بۆ ئەوەی بزانین چۆن دەتوانین هاوکاری خەڵک و ئیدارەی پارێزگای دهۆک بین بۆ چارەکردنی کێشەکان.

ئامانج لێی پاکسازکردنی سنووری باکووری بەغدایە لە پاشماوەکانی داعش

عێراق.. قۆناغی دووەمی ئۆپەراسیۆنی «ئیرادەی نەسر» دەستپێکرد



وەزارەتی بەرگری عێراق، ڕایگەیاند کە دوای قۆناغی دووەمی ئۆپەراسیۆنی "ئیرادەی نەسر" بە ئامانجی پاکسازیکردنی سنووری باکووری شاری بەغدا تا دەگاتە ناوچەکانی دەروروبەری پارێزگاکانی دیالە، سەلاحەددین و ئەنبار، دەستی پێکراوە. قۆناغی یەکەمی ئۆپەراسیۆنی "ئیرادەی نەسر"، هەفتەی ڕابردوو بە ئامانجی پاکسازیکردنی بیابانەکانی سنووری پارێزگاکانی باکوور و ڕۆژئاوای عێراق تا دەگاتە سنووری سووریا، دەستی پێکرابوو. لە قۆناغی یەکەمی ئۆپەراسیۆنەکەدا، پاکسازیکردنی بیابانەکانی سنووری پارێزگاکانی سەلاحەددین، نەینەوا و ئەنبار، هەروەها سنووری وڵات لەگەڵ سووریا لە پاشماوەکانی تیرۆریستانی داعشی گرتبووە.

جێگری فەرماندەی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان سەربە وەزارەتی بەرگری عێراق، فەریق روکن عەبدولئەمیر ڕەشید یارەڵڵا ڕاگەیەندراوێکدا کە ئامانج لێی پاکسازکردنی سنووری باکووری بەغدا لە پاشماوەکانی داعش تا دەگاتە ناوچەکانی دەروروبەری پارێزگاکانی دیالە، سەلاحەددین و ئەنبار، ئەویش دوای ئەوەی قۆناغی یەکەمی ئۆپەراسیۆنەکە بە سەرکەوتوویی کۆتایی پێ هات. فەریق روکن عەبدولئەمیر ڕەشید یارەڵڵا ڕوونیکردووەتەوە کە لە قۆناغی دووەمی ئۆپەراسیۆنەکەدا یەکەکانی سەربە فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی بەغدا لەگەڵ یەکەکانی دیکەی سەربە فەرماندەییەکانی دیالە، سامەڕا و ئەنبار، هەروەها هێزەکانی پۆلیسی فیدرال و هێزەکانی بەرپەرچدانەوەی خێرا لەگەڵ یەکەکانی سەربە فیرقەی نۆزی زرێپۆش و فەوجی هێزە تایبەتییەکانی سەربە سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا و فەوجی تایبەتیشی سەربە بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازیی و حەشدی شەعبی، بەشدارن.

جێگری فەرماندەی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان سەربە وەزارەتی بەرگری عێراق، فەریق روکن عەبدولئەمیر ڕەشید یارەڵڵا باسی لەوەشکردووە کە لەم ئۆپەراسیۆنەدا، پاڵپشتی ئاسمانی لە لایەن هێزی ئاسمانی عێراق و فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی دژبە داعش بۆ هێزە عێراقییەکان دابین کراوە.

بۆچی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە دەستپێکی قۆناخێکی نوێدایە

چوار ساڵی داهاتوو، گرنگ دەبێت بۆ ئێمە و دراوسێ و هاوپەیمانەکانمان

وەک سەرۆک وەزیران، کۆمەڵێک چاکسازی دەکەم کە تەواوی کەرت و باڵە خزمەتگوزارییەکان بگرێتەوە

کاری لەپێشینەمان بونیادنانی کوردستانێکی بەهێز و سەقامگیرە، بۆ ئەمەش چاومان لە پشتگیریی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە

حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئابووریێکی هەمەچەشن بونیاد دەنێت



مەسرور بارزانی *

دوای 16 ساڵی ئاڵۆزیی و پشێوی و پێنج ساڵی جەنگێکی خوێناوی لەگەڵ رێکخراوی تیرۆریستی داعش، کە مەترسی خستە سەر تەواوی مرۆڤایەتی، قۆناخێکی نوێمان لە پێناو بنیاتنانی کوردستانێکی بەهێزتر دەست پێ کردووە.

چوار ساڵی داهاتوو، کاتێکی گرنگ دەبێت بۆ ئێمە و دراوسێ و هاوپەیمانەکانمان، بە جۆرێک وەک حکوومەتی هەرێمی کوردستان، چاو دەبڕینە تێپەڕاندنی ڕووداوە شۆکهێنەرەکانی ئەم دواییانە، هەروەها کار بۆ پتەوکردنی پێگەکەمان لە ناوچەکە و مسۆگەرکردنی بوون و ئامادەییمان لە سەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتی دەکەین. بە کورتی، دەمانەوێت سەرەتاییەکی نوێ دەست پێ بکەینەوە.

هەفتەی ڕابردوو حکوومەتێکم بۆ بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان پێکهێنا. ئەرکی من ئەوەیە، لە ئاستی ناوخۆیی و دەرەوەدا، ئەو شێوازە بگۆڕم کە کارەکانی پێ ئەنجام دەدەین. وەک سەرۆک وەزیران، ڕێگایەکی جیاواز بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکان دەخەمەڕوو، کە پشت بە دەستکەوتەکانمان دەبەستێت و وەڵامێکی داینامیکییەتێکی جیهانی پێشکەوتووە.

شەرکردن لە دژی داعش، کە لەبری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕابەرایەتیمان کرد، لە ڕووی ئابوورییەوە زیانی پێ گەیاندین. بارگرانییەکە بە جۆرێک بوو بەرگەی ناگیرێت. تێچووی جەنگ و کەمکردنەوەی بڕی بودجەی فیدراڵی لەلایەن حکوومەتەوە لە بەغدا، هەروەها کۆچی بە کۆمەڵی پەنابەر و ئاوارەکان بۆ هەرێمەکەمان، هەموو ئەمانە، چەندین ملیار دۆلار قەرزیان بۆ جێهێشتووین.

لە هەموو ئەو سەختی و ئازارانەی ئەنجوومەنی وەزیرانیش ڕووبەڕووی لێپرسینەوە بکاتەوە.

حکوومەتەکەم ئابووریێکی هەمەچەشن بونیاد دەنێت، کە خۆشگوزەرانیی زیاتر بۆ هەموان بەدیبێنێت. یاساگەلێک دادەڕێژین بۆ ئەوەی کوردستان پێگەیەکی سەرنجڕاکێشی هەبێت بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنەرەکان. هێزە چەکدارەکانمان دەکەینە یەک و ڕێکیان دەخەینەوە و نوێیان دەکەینەوە. کار بۆ ئەوە دەکەین خزمەتگوزارییە گشتییەکان و ڕووبەڕووبوونەوە و چارەسەرکردنی گەندەڵیی، ببنە زامنی ئەوەی کە حکوومەت خزمەتی هاوونیشتمانیان بکات، نەک پێچەوانەوەکەی. بۆ ئەم گۆڕانکارییەش، دۆستەکانمان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ڕووی سیاسی و دارایییەوە هاوکارمان بن.

بۆ دووبارە ڕێکخستنەوە و ڕاگرتنی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، کە لە ماوەی 16 ساڵی ڕابردوو بەردەوام لەگرژیدا بووە، هەنگاوی پێویست دەگرمەبەر. زۆربەی ئەو ماوەیە بە شێوەیەکی سەرەکی، پشتمان بە خۆمان بەست، بەبێ ئەوەی پەیوەندییمان لەگەڵ عێراق ببڕین.

بە ڕێککەوتن پشکێکمان لە بودجەی عێراق بەدەست دەگەیشت، بەڵام زۆر بە دەگمەن دەرمااڵە و هەقە دارایییەکانی دیکەمان بە تەواوی وەرگرتووە. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە هاوبەشی و پەیوەندییەکی بنیاتنەر و هاوسەنگ و سەقامگیرمان لەگەڵ بەغدا هەبێت.

وەک سەرۆک وەزیران، ئەم هەفتەیە سەردانی عادل عەبدولمەهدی، سەرۆک وەزیرانی عێراقم کرد و بە ئامانجی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوانمان لە پەیوەست بە نەوت، ناوچە جێناکۆکەکان، بودجە و ڕۆڵی هێزە چەکدارەکانمان، کۆمەڵێک پێشنیازم خستەڕوو. دەمەوێ لە ڕێگای دابەشکردنی هاوسەنگ و دادپەروەرانەی بودجەوە، ڕێز لە ڕێککەوتنەکانمان بگیرێت. ئەم بڕیارەش دەتوانێت بناغەیەکی پتەوی هاوکاریی نێوانمان بێت بۆ ئایندە. دواڕۆژی ئێمە پەیوەستە بە عێراقێکی سەقامگیر و دێموکرات.

ساڵی 2017 هەرێمی کوردستان ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی ئەنجامدا، دەنگدانەکە پابەندبوونێکی نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا 93٪ی خەڵک، بە (بەڵێ) دەنگیان دا. ئەمە لەکاتێکدا بوو کە چاوەڕوانی ئەوەمان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکرد، لە پەیوەست بە مافی بڕیاردانی چارەنووس، پشتگیریی زیاترمان بکات. کاری لەپێشینەمان بونیادنانی کوردستانێکی بەهێز و سەقامگیرە، بۆ ئەمەش چاومان لە پشتگیریی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە. لەم ڕووەوە چاوەڕوانی دانپێدانان بە ڕۆڵی جیهانی و بونیادنەرانەمان لەوانە دەکەین، کە لە پاراستنیاندا هاوکاریان بووین، ئەمەش بە هاوکاریکردنمان لە بونیادنانی ئابووریێکەمان.

بەدڕێژایی تەمەنی چەندین نەوە، بە هۆی شەڕ و ئاڵۆزی، هەموو خێزانێک لە هەرێمی کوردستانی عێراق، زیانی کەسیی بەرکەوتووە. چیتر نامانەوێ و ناشتوانین بە هۆی شەڕ و ناکۆکیی لایەنەکان و دراوسێکان، کە دەرهاوێشتەیەکی خراپی بەجێهێشتووە، دەستبەرداری هەماهەنگی و هاوسۆزیی بین، یان ئەو قوربانییانە لەبەرچاو نەگرین، کە خەڵکێکی زۆر داویانە.

لەنێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا هاوڕێ و دۆستی زۆرمان هەن، کە هیوای باشمان بۆ دەخوازن، بەاڵم هەنووکە کاتی ئەوە هاتووە هەوڵی زیاتر بدەن و کاری لەمە زیاتر بکەن. سەر لەنوێ ڕۆڵی نێوەندگیرێکی پاک دەگێڕین، کە هەموان متمانەی پێ بکەن. ئەمەش لە ڕوانگەی دۆستایەتی و هاوڕێیەتی ڕاستەقینەوە دەکەین. دوای ئەوەی پاڵشتیی نەگۆڕی خۆمان بۆ بەرژەوەندیی هاوپەیمانەکانمان نیشاندا، لە نێویاندا ئەمەریکا، هەروەها پابەندیی خۆمان بە بەها و پرەنسیپە دیموکراتییەکان سەلماند. ئێستا پێویستیمان بەوەیە دۆستەکانمان، هاوکارمان بن لە سەر لەنوێ دەستپێکردنەوە.

* سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان.
ڕۆژنامەی واشنتن پۆست
2019/7/18

پەرلەمانتارێکی تورک: هێرشکردنە سەر ئاڵای کوردستان لە ترابزۆن کارێکی چەپەڵە

ئەو گەشتیارە کوردانەی بەهۆی بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان لە تورکیا دەستگیرکرابوون ئازادکران



ئەو گەشتیارە کوردانەی کە ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو لە یەکێک لە ناوچەکانی گەشتیاریی شاری ترابزۆنی تورکیا، بەهۆی بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستانەوە دەستگیرکرابوون، ئێوارەی ڕۆژی هەینی ئازادکران.

ژمارەیەک هاوواڵتی هەرێمی کوردستان کە بە مەبەستی گەشت سەردانی یەکێک لە ناوچە گەشتیارییەکانی شاری ترابزۆنی تورکیایان کردبوو، لەکاتی بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستاندا بە مەبەستی وێنەگرتن، لە لایەن ژمارەیەک هاوواڵتی تورکی ڕاسیستەوە پەلاماری گەشتیارە کوردەکان درا و سووکایەتییان پێکرا، دواتر هێزە ئەمنییەکانی تورکیا، گەشتیارە کوردەکانیان دەستگیرکرد و ئەمەش کاردانەوەی لێکەوتەوە، بە تایبەتی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و تەنانەت لە تورکیاشدا دەنگی دایەوە.

هەر دوای ڕووداوەکە و دەستگیرکردنی گەشتیارە کوردەکان، حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی گوتەبێژەکەیەوە، ڕایگەیاند: ئاڵای هەرێمی کوردستان ئاڵایەکی دەستوورییە لە ناو عێراقدا و پێشتریش لە فڕۆکەخانەکان و هۆڵەکانی پێشوازی لە تورکیا دانراوە بۆ پێشوازیکردن لە شاندەکانی هەرێمی کوردستان. هەروەها حکوومەتی هەرێم داواشی لە حکوومەتی تورکیا کرد دەستبەجێ گەشتیارە کوردەکان ئازاد بکرێت، لەمبارەیەوە ڕایگەیاند: سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ویڕای دەربڕینی نیگەرانی لەو ڕووداوە، لایەنە پەیوەندییدارەکانی هەرێمی کوردستانیشی ئاگادار کردەوە کە لەگەڵ بەرپرسانی تورکیا قسە بکەن تا بە زووترین کات گەشتیارانی هەرێمی کوردستان ئازاد بکرێن.

لەلایەکی ترەوە پەرلەمانتاری تورک، مستەفا یەنەر ئۆغلو، سەبارەت بە ڕووداوەکە، ڕایگەیاند: ئەوەی لە ترابزۆن ڕوویدا بەڕاستی جێگای مەترسییە، چۆن ئێمە ئازادین لە بەرزکردنەوەی ئاڵاکەمان لە هەر شوێنێکی دنیا و وێنەی لەگەڵدا دەگرین، ئەوانیش مافی خۆیانە وێنە لەگەڵ ئاڵای خۆیاندا بگرن و هیچ ڕێگرییەک نییە. مستەفا دەشڵێت: ئەو ئاڵایەی بەرزکرایەوە، ئاڵای هەرێمی کوردستانی عێراقە. بێگومانی خەڵکی هەرێمەکە وەک ئێمە ڕێز و حورمەتیان هەیە بۆ ئاڵاکەیان، هێرشکردنە سەر ئاڵای کوردان لە ترابزۆن کارێکی چەپەڵە.

ڕاگەیەندراوێک

لەلایەن وتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە بارەی دەستگیرکردنی گەشتیارانی هەرێمی کوردستان لە تورکیا



وتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بارەی دەستگیرکردنی گەشتیارانی هەرێمی کوردستان لە تورکیا لە ڕاگەیەندراوێکدا دەڵێت "ئاشکرایە ئاڵای هەرێمی کوردستان، ئاڵایەکی دەستوورییە لە ناو عێراقدا و پێشتریش لە فڕۆکەخانەکان و هۆڵەکانی پێشوازی لە تورکیا دانراوە بۆ پێشوازیکردن لە شاندەکانی هەرێمی کوردستان". هەروەها لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ویڕای دەربڕینی نیگەرانی لەو ڕووداوە، لایەنە پەیوەندییدارەکانی هەرێمی کوردستانیشی ڕاسپارد کە لەگەڵ بەرپرسانی تورکیا قسە بکەن.

ئەمەش دەقی ڕاگەیەندراوەکەیە:

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا چەند هاوواڵتییەکی هەرێمی کوردستان لە شاری ترابزۆنی تورکیا، تووشی پەلامارداران و دەستدرێژی بوونەوە بە هۆی ئەوەی ویستوویانە بە ئاڵای کوردستانەوە وێنە بگرن، دواتر دەستگیرکراون و بە نیازن بیاندەنە دادگە.

ئاشکرایە ئاڵای هەرێمی کوردستان، ئاڵایەکی دەستوورییە لە ناو عێراقدا و پێشتریش لە فڕۆکەخانەکان و هۆڵەکانی پێشوازی لە تورکیا دانراوە بۆ پێشوازیکردن لە شاندەکانی هەرێمی کوردستان.

بۆیە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان وێڕای دەربڕینی نیگەرانی لەو ڕووداوە، لایەنە پەیوەندییدارەکانی هەرێمی کوردستانیشی ڕاسپارد کە لەگەڵ بەرپرسانی تورکیا قسە بکەن، تا بە زووترین کات گەشتیارانی هەرێمی کوردستان ئازاد بکرێن.

وتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
19ـەموز 2019

www.xebat.net
یەک شەمە 2019/7/21 ژمارە (5793)
خەبات

تا ئێستا توانراوە سێ هەزار و 487 ئێزدی لەدەستی داعش رزگار بکرێن

هێشتا دوو هەزار و 930 ئێزدی لەدەستی داعشن رزگار نەکراون

داعش 68 مەزارگە و شوێنی پەرستشی ئێزدی تەقاندۆتەوە و رووخاندووە



نووسینگەی رزگارکردنی رفێنراوانی ئێزدی دوایین ئاماركانی پەیوەست بە پرسی رفێنراوەكانی ئێزدیی دەستی داعش بڵاوكردەوە و رایگەیاندووە "هێشتا دوو هەزار و 930 ئێزدی لەدەستی داعشدا ماون"، دەشڵێت داعش 68 مەزارگە و شوێنی پەرستشی ئێزدی تەقاندووتەوە و روخاندووە.

بەپێی ئاماركانی نووسینگەی رزگارکردنی رفێنراوانی ئێزدی كە سەر بە ئەنجوومەنی وەزیرانی حكوومەتی هەرێمی كوردستانە، توانراوە سێ هەزار و 487ئێزدی لەدەستی داعش رزگار بكرێن.

نووسینگەی رزگارکردنی رفێنراوانی ئێزدی لەدوایین ئاماركانی پەیوەست بە پرسی رفێنراوەكانی ئێزدیی دەستی داعش بڵاوكردەوە و رایگەیاندووە "هێشتا دوو هەزار و 930 ئێزدی لەدەستی داعشدا ماون"، دەشڵێت داعش 68 مەزارگە و شوێنی پەرستشی ئێزدی تەقاندووتەوە و روخاندووە.

بەپێی ئاماركانی نووسینگەی رزگارکردنی رفێنراوانی ئێزدی كە سەر بە ئەنجوومەنی وەزیرانی حكوومەتی هەرێمی كوردستانە، توانراوە سێ هەزار و 487ئێزدی لەدەستی داعش رزگار بكرێن.

نووسینگەی رزگارکردنی رفێنراوانی ئێزدی لەدوایین ئاماركانی پەیوەست بە پرسی رفێنراوەكانی ئێزدیی دەستی داعش بڵاوكردەوە و رایگەیاندووە "هێشتا دوو هەزار و 930 ئێزدی لەدەستی داعشدا ماون"، دەشڵێت داعش 68 مەزارگە و شوێنی پەرستشی ئێزدی تەقاندووتەوە و روخاندووە.

بەپێی ئاماركانی نووسینگەی رزگارکردنی رفێنراوانی ئێزدی كە سەر بە ئەنجوومەنی وەزیرانی حكوومەتی هەرێمی كوردستانە، توانراوە سێ هەزار و 487ئێزدی لەدەستی داعش رزگار بكرێن.

نووسینگەی رزگارکردنی رفێنراوانی ئێزدی لەدوایین ئاماركانی پەیوەست بە پرسی رفێنراوەكانی ئێزدیی دەستی داعش بڵاوكردەوە و رایگەیاندووە "هێشتا دوو هەزار و 930 ئێزدی لەدەستی داعشدا ماون"، دەشڵێت داعش 68 مەزارگە و شوێنی پەرستشی ئێزدی تەقاندووتەوە و روخاندووە.

بەپێی ئاماركانی نووسینگەی رزگارکردنی رفێنراوانی ئێزدی كە سەر بە ئەنجوومەنی وەزیرانی حكوومەتی هەرێمی كوردستانە، توانراوە سێ هەزار و 487ئێزدی لەدەستی داعش رزگار بكرێن.

نووسینگەی رزگارکردنی رفێنراوانی ئێزدی لەدوایین ئاماركانی پەیوەست بە پرسی رفێنراوەكانی ئێزدیی دەستی داعش بڵاوكردەوە و رایگەیاندووە "هێشتا دوو هەزار و 930 ئێزدی لەدەستی داعشدا ماون"، دەشڵێت داعش 68 مەزارگە و شوێنی پەرستشی ئێزدی تەقاندووتەوە و روخاندووە.

بەپێی ئاماركانی نووسینگەی رزگارکردنی رفێنراوانی ئێزدی كە سەر بە ئەنجوومەنی وەزیرانی حكوومەتی هەرێمی كوردستانە، توانراوە سێ هەزار و 487ئێزدی لەدەستی داعش رزگار بكرێن.

كەسن.

-ژمارەی شەهیدەكانییان لە رۆژانی یەكەمی هێرشەكان هەزار و 293 كەس بوون.

-ژمارەی ئەو كەسانەی هەتیو بوون لە ئەنجامی ئەو هێرشانە دوو هەزار و 745 كەسن.

-ژمارەی گۆڕە بەكۆمەڵەكانی دۆزراو لە شنگال تاوەكو ئێستا 80 گۆڕی بەكۆمەڵن، سەرباری دەیان گۆڕی دیكەی تاكەكەسی.

-ژمارەی ئەو مەزار و شوێنی پەرستنانەی تایبەتن بە ئێزدییەكان و لەلایەن داعشەوە تەقێنرانەوە و روخێنراون 68 مەزارن.

-ژمارەی ئەو كەسانەی كۆچییان بۆ دەرەوەی عێراق كردووە نزیكەی 100 هەزار كەس دەبن.

سەبارەت بە ژمارەی رفێنراوانی ئێزدییشەوە لەو راگەیەندراوەی نووسینگەی رزگارکردنی رفێنراوانی ئێزدیدا هاتووە:

-ژمارەی رفێنراوان شەش هەزار و 417 كەس.

- سێ هەزار و 548یان لەرەگەزی مێ.

-دوو هەزار و 869یان لە رەگەزی نێر.

هەر بەپێی ئاماركانی نووسینگەی رزگارکردنی رفێنراوانی ئێزدی ژمارەی ئەو كەسانەی لەدەستی داعش رزگارکراون و رزگارییان بووە بەمشێوەیەیە:

-كۆی گشتی: سێ هەزار و 487 كەس.

-لەو ژمارەیە هەزار و 186یان ئافرەتن.

-337 پیاو.

-منداڵی مێ: هەزار و 24 كەس.

-منداڵی نێر: 940 كەس.

نووسینگەكە راشیگەیاندووە كە ئەو ئێزدییانەی هێشتا لەدەستی داعش ماون بریتیین لە دوو هەزار و 930 كەس كە ژمارەی مێینە هەزار و 338 كەس و هەزار و 592 كەسیش نێرینەن.

بەپێی ئەم ئاماره كە لە نووسینگەی رزگارکردنی رفێنراوانی ئێزدییەوە وەرگیراوە ئەمە دوایین ژمارەكانە كە دوا نوێكردنەوەی 20ی ئەم مانگەیە.



ورمێ.. بەهۆی تەقەی هێزە ئەمنییەكان حەوت كۆڵبەری دیكە بوونە قوربانی

هێزە چەكدارەكانی ئێران لە سنووری "چالدێران"ی سەر بە پارێزگای ورمێ تەقەیان لە كاروانێكی كۆڵبەران كردووە و لانیكەم 7 كۆڵبەر كوژراو و بریندار بوون. بەپێی هەواڵی رێكخراوی هەنگاو بۆ مافەكانی مرۆڤ، سەرلەبەیانی دوێنێ شەمە 2019/7/20 هێزە چەكدارەكانی ئێران لە سنووری شارۆچكەی چالدێران تەقەیان لە كۆڵبەران كردووە و كۆڵبەرێك كوژراوە و 6 كۆڵبەری دیكەش بریندار كراون. ئەو كۆڵبەرەش كە گیانی لەدەستداوە ناو "عەلی"یەو خەڵكی گوندی عیساگوڵە. هەر بەهۆی تەقەی هێزە چەكدارەكان 6 كۆڵبەری دیكەش بریندار بوون كە تا ئامادەكردنی ئەم هەواڵە ناسنامەی 4 كەسیان ئاشكراكراوە و ناوەكانیان "مەحموود میرزایی، ئازاد یاستار، یووسف مەحموود عەلەم هوولی و ئومید عەلەم هولو"یە.

تڕەمپ: ئێران تەنها كێشە دەخوڵقێنێت



سەرۆكی ئەمەریكا، دۆناڵد تڕەمپ سەبارەت دەستبەسەرداگرتنی كەشتییەكی نەوتهەڵگری بەریتانی لە گەرووی هورمز لەلایەن ئێرانەوە، ئاماژەی بەوەكرد كە "ئێران تەنها كێشە دەخوڵقێنێت و بابەتەكە لەگەڵ بەریتانیادا تاوتوێ دەكەین". دۆناڵد تڕەمپ لە باخچەی كۆشكی سپی سەبارەت بە دەستبەسەرداگرتنی كەشتییەكی بەریتانی لەلایەن ئێرانەوە و ڕوونكردنەوەی دایە ڕۆژنامەوانان.

تڕەمپ جەختی لەوەكردەوە كە لە نزیكەوە چاودێریی بابەتەكە دەكەن و رایگەیاند: ئێران تەنها كێشە دەخوڵقێنێت، ئەم بابەتە لەگەڵ بەریتانیادا تاوتوێ دەكەین. بەسی لەوەشكرد كە "یەك یان دوو كەشتیی لە رووداوەكەوە گلاون" و تیشكی خستەسەر ئەوەی پەیوەست بەم بابەتە ڕێككەوتنێكی نووسراو لەنێوان وڵاتەكەی و بەریتانیادا نییە.

سەرۆكی ئەمەریكا جەختی لەوەش كردەوە كە بەهۆی ئەوەی وڵاتەكەی سەرچاوەكانی خۆی لە بواری وزەدا بەكاردەهێنێت، لەو ناوچەیە كەشتییگەلی نەوتهەڵگری زۆری نییە و زۆربەنەی كەشتییەكانی ئەمەریكا لە ناوچەكە كەشتییگەلی جەنگیین.

لەلایەكی دیكەشەوە كۆشكی سپی رایگەیاند سەرۆكی ئەمەریكا، دۆناڵد تڕەمپ و سەركۆماری فەڕەنسا، ئیمانوێل ماكرۆن لە پەیوەندییەكی تەلەفۆنیدا جارێكی دیكە گەیشتنە ڕێككەوتن لەسەر ئەوەی "ڕێگە نەدەن بە هیچ جۆرێك ئێران ببێتە خاوەنی چەكی ئەتۆمی".

گوتەبێژی كۆشكی سپی، گاریت ماركیوزیش لە راگەیەندراوێكدا لەمبارەیەوە رایگەیاند كە لە نزیكەوە چاودێری هەواڵەكان دەكەن سەبارەت بە دەستبەسەرداگرتنی تانكەرێكی بەریتانی لەلایەن ئێرانەوە و نووسیوویەتی: ئەمەریكا بەردەوام دەبێت لە كارکردن لەگەڵ بەریتانیا و هاوپەیمانانی لە بەرامبەر كارە زیانبەخشەكانی ئێران لە ناوچەكە.

هێرشی فڕۆكەی بێفڕۆكەوان بۆ سەر كەمپی حەشدی شەعبی لە عێراق

بەرەبەیانی ڕۆژی هەینی هێرش كرایە سەر كەمپێكی سەربازیی حەشدی شەعبی لە ناحیەی ئامرلی سەر بە پارێزگای سەلاحەدین. تۆڕی میدیایی ئەمنی سەر بە سەرۆكایەتی وەزیرانی عێراق لە راگەیەندراوێكدا كە بڵاوی كردۆتەوە ئاماژەی بەوەداوە كە لە سەرچاوەیەكی نادیارەوە بەرەبەیانی ڕۆژی هەینی لەڕێگەی فڕۆكەی بێفڕۆكەوانەوە هێرش كراوەتە سەر كەمپی سەربازیی كەتیبەی 16ی حەشدی شەعبی لە ناحیەی ئامرلی سەر بە پارێزگای سەلاحەدین. لە راگەیەندراوەكەدا ئاماژە بەوە دراوە كە لە هێرشەكەدا 2كەس بریندارببووە بێ ئەوەی ئاماژە بە هیچ زانیارییەكی تر بدرێت. لە لایەكی دیكەشەوە شان ڕۆبەرتسن گوتەبێژی وەزارەتی بەرگری بە ئاژانسی دەنگوباسی ئەسۆشیەتد پرێسی گوتووە هێزەكانی ئەمەریكا دەستیان لە هێرشەكەدا نییە.



سعوودیە ڕەزامەندی نیشان دا پێشوازی لە هێزی دیكەی ئەمەریكا بكات



بەوەشداوە كە شا سەلمان بن عەبدولعەزیز لەچوارچێوەی نیشاندانی ڕەزامەندییەكە بە پێویستی زانیوە هێزەكانی سعوودیە و ئەمەریكا لەسەر ئاستی بالا بە هاوبەشی هەوڵەكانیان زیاتر لەپێناو بەرگریكردن لە ئاسایش و سەقامگیری ناوچەكە بخەنەگەڕ.

ئەوەش لەكاتێكدا سعوودیە و ئەمەریكا خواستی خۆیان نیشاندەداوە سەبارەت بە پتەوتكردنی هاوكارییە هاوبەشەكانی نێوانیان بەتایبەتیش لە ڕووی سەربازییەوە بۆ ئەوەی پێكەوە بەرگری لە ئاسایش و سەقامگیری ناوچەكە بكەن.

گۆڤاری " Newsweek" لە تشرینی دووەمی 2017دا بڵاویكردبوویەوە كە850 سەرباز و مەدەنی لە چوارچێوەی وەزارەتی بەرگریی ئەمەریكادا لە سعوودیە، ئەرك جێبەجێ دەكەن.

ئەمەریكا سێ بنكەی سەربازیی لە كەنداودا هەیە، یەكێكیان لە كوێت كە زۆرترین ژمارەیەكی سەربازی تیادا جێگیرە ئەوەی دووەم بە ناوی بنكەی عەدید لە قەتەرە لەگەڵ كەشتیگەلی پێنجەمی ئەمەریكا لە بەحرێن كە بەرپرسە لە هێزی دەریاوانیی كە لە ناوچەی كەنداو، دەریای سوور و دەریای عەرەب لەگەڵ بەشەكانی زەریای هیندی. بەپێی چەند ڕێككەوتنێك كە لە بواری بەرگریدا واژوو كراوە، لە كاتی سەرهەڵدانی جەنگی كەنداوی دووەم لە سالی 1990دا، ئەمەریكا ئەو بنكە سەربازییانەی لە كەنداو دامەزراند، بەڵام دوای ڕووداوەكانی یازدەی سێپتەمبەری 2001 و جەنگی عێراق لە سالی 2003 ئەمەریكا ژمارەی سەربازانی لە ناوچەكە زیاد كرد. دواتر لە سالی 2014دا، ئەمەریكا ئەو بنكە سەربازییانەی لە شەڕەكانی دژبە داعش لە عێراق و سووریا بەكارهێنا.



فەڕەنسا و ئەڵمانیا: بۆ ئێران:

ڕێز لە بنەما و یاسا دەریاوانییەکان بگرن و کەشتییە نەوتهەڵگرە دەستبەسەرکراوەکەی بەریتانیا ئازاد بکەن

فەڕەنسا و ئەڵمانیا بانگەوازێکیان ئاراستەی ئێران کرد و تیایدا داوایان کردووە، کەشتییە نەوتهەڵگرە دەستبەسەرکراوەکەی بەریتانیا لە گەرووی هورموز ئازاد بکات. دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەتەوە کە لە رۆژی هەینییەوە سوپای پاسدارانی ئێران لە گەرووی هورمز کەشتیی نەوتهەڵگری Ste-na Impero ی دەست بەسەرکردووە کە ئاڵای بەریتانیای پێوەیە. وەزارەتی دەرەوەی فەڕەنسا ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیادا کاردانەوەی نیشاندواوە لەبارەی دەست بەسەرداگرتنی کەشتییەکی نەوتهەڵگری بەریتانیا لە گەرووی هورموز. لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: داوا لە ئێران دەکەین ڕێز لە بنەما و یاسا دەریاوانییەکاندا بگرێت و هەرچی زووە کەشتییە نەوتهەڵگرە دەست بەسەرکراوەکەی بەریتانیا لە گەرووی هورموز ئازاد بکات.

وەزارەتی دەرەوەی فەڕەنسا لە ڕاگەیەندراوەکەدا تیشکی خستووەتە سەر ئەوەی کە ئەو هەنگاوەی ئێران، نەک هەر نابێتە هۆی کەمکردنەوەی گرژییەکان لە ناوچەی کەنداو، بەڵکو زیاتریان دەکات.

هەر لە ڕاگەیەندراوەکەدا وەزارەتی دەرەوەی فەڕەنسا گوتوویەتی: ئیدانەی ئەو کارەی ئێران دەکەین و پشتیوانی خۆشمان بۆ بەریتانیا ڕادەگەیەنین. لە لایەکی دیکەوە وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا ڕاگەیەندراوێکی لەو بارەوە بڵاوکردەوە و تیادا داوای لە ئێران کردووە بە زووترین کات، کەشتییە نەوتهەڵگرە دەست بەسەرکراوەکەی بەریتانیا لە گەرووی هورموز ئازاد بکات. لە ڕاگەیەندراوەکەدا، وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا جەختیکردووەتەوە کە ئەو هەنگاوەی ئێران، هیچ پاساوێک هەڵناگرێت و ئامانجی بەوەشداوە، ئەو هەنگاوەی ئێران، هەموو ئەو هەوڵانە لەناو دەبات کە بە ئامانجی کەمکردنەوەی گرژییەکان لەناوچەکەدا خراونەتەگەڕ.

چاوەڕێی کاردانەوەیەکی سەربازی فرەلایەنەی ئەمەریکا و بەریتانیا و فەڕەنسا دژ بە ئێران دەکرێت

وەزیری دەرەوەی بەریتانیا: دەترسم ئێران هەست بەو ڕێڕەوە مەترسیدارە نەکات کە گرتوویەتەبەر

خەبات- مەریوان نەقشبەندی

ڕێگە هەڵەکەیان هەڵبژاردبێت و هەست بەو مەترسییە نەکەن کە چ ڕێڕەوێکی هەڵەیان گرتووەتەبەر.

جێرمی هانت وەزیری دەرەوەی بەریتانیا دوای کۆبوونەوەی بەپەلەی حکوومەتی وڵاتەکەی سەبارەت بە ڕێوشوێنەکانی دوای دەستبەسەردااگرتنی کەشتییەکی بەریتانی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر نوسیویەتی: دەترسم ئێران ڕێڕەوە هەڵەکەی گرتبێتەبەر و هەستی نەکردبێت بە چ ئاراستەیەکی مەترسیدارا هەنگاو دەنێت؟.

ئەم هەڵوێستەی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا جۆراوجۆری بۆ دەکرێت و چاودێرانی سیاسیش بە هۆشداری کۆتایی بۆ دەسەڵاتدارانی ئێرانی دەزانن و دەڵێن ئەم جەنگی کەشتی ڕفاندنەی ئێران دەستیپێکردووە ڕەنگە بۆ دەربازبوون بێت لەو قۆناغە چاوەڕوانییە سەختەی ئێرانی پێداتێپەڕ دەبێت دوای سزا قورسەکانی ئەمەریکا لەسەر ئەم وڵاتە کە خەریکە بە یەکجاری هەرەس بە ئابووریەکەی دێنێت، هەندێکی تریش پێیانوایە ئەم هەڵوێستەی ئێران پێش ڕازیبوونیەتی بە مەرجەکانی ئەمەریکا بە گفتوگۆی دووقۆڵی بە مەبەستی بەدەستهێنانی چەند خاڵێک دەربارەی مەسەلەی ئازادکردنی کەشتی و تیمە دەریاوانەکەی وەک مەرج بخاتە بەرانبەر هەندێ تەنازولاتی لایەنی ئەمەریکی.

بەڵام شارەزایانی سەربازی ئەم هۆشداریەی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بۆ ئەوەی مەسەلەی تیمە دەریاوانەکەی وەک مەرج بخاتە بەرانبەر هەندێ تەنازولاتی لایەنی ئەمەریکی.

بەڵام شارەزایانی سەربازی ئەم هۆشداریەی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بە مەترسیدارتر لە هۆشداریەکانی ئەمەریکا دەبینن و چاوەڕێی کاردانەوەیەکی سەربازی فرەلایەنەی ئەمەریکا و بەریتانیا و فەڕەنسا و وڵاتانی تری کەناوەن دژ بە ئێران.

بەریتانیا: دەست بەسەرداگرتنی کەشتیە نەوتهەڵگرەکەمان پێشێلکردنی یاسا دەریاوانییەکانە



ژووری کارگێڕی بەریتانی ڕایگەیاند کە دەست بەسەرداگرتنی کەشتیە نەوتهەڵگرەکەمان لە گەرووی هورموز، دەبێتە مایەی زیادبوونی گرژییەکان لە کەنداو. بەڕێوەبەری جێبەجێکاری ژووری کارگێڕی بەریتانی، بۆب سانگوینێتی کاردانەوەی نیشاندا لە هەمبەر دەنگۆی دەست بەسەرداگرتنی کەشتییەکی دیکەی نەوتهەڵگری ولاتەکەی لە گەرووی هورموز لە لایەن سوپای پاسدارانەوە. بۆب سانگوینێتی گوتی: دەست بەسەرداگرتنی کەشتییە نەوتهەڵگرەکەمان لە گەرووی هورموز، گرژییەکان لە کەنداو زیاتر دەکات، بەدەر لەوەش پێشێلکردنی یاسا دەریاوانییەکانە. بەڕێوەبەری جێبەجێکاری ژووری کارگێڕی بەریتانی، بانگەوازی لە حکوومەتی وڵاتەکەی کرد کە هەرچی توانای هەیە بیخاتەگەڕ بۆ ئەوەی تیمی ناو کەشتییەکە بە سەلامەتی بگەڕێننەوە وڵات. جێی باسە پێشتر ئێران ڕایگەیاندبوو کە بەهۆی پابەندنەبوون بە یاسا دەریاوانییەکانەوە، دەست بەسەر کەشتییەکەدا گیراوە.



وەزیری دەرەوەی ئێران:

دەستبەسەرداگرتنی تانکەرە بەریتانییەکە بۆ پاراستنی یاسا دەریاوانییە نێودەوڵەتییەکان بوو

وەزیری دەرەوەی ئێران، محەمەد جەواد زەریف ڕایگەیاند لە پێناو پاراستنی یاسا دەریاوانییە نێودەوڵەتییەکان دەستیان بەسەر تانکەری نەوتی بەریتانیاندا گرتووە. زەریف لە هەژماری فەرمی خۆی لە تویتەر ڕایگەیاند: بەپێچەوانەی ئەو کارە چەتەیەی لە گەرووی جەبەلتاریق ئەنجام درا، ئەو کارەی لە گەرووی کەنداو ئەنجاممان دا بۆ پاراستنی یاسا دەریاوانییە نێودەوڵەتییەکان بوو. ناوبراو داکۆکی لەوەش کرد کە وڵاتەکەی ئاسایشی هەردوو گەرووی کەنداو و هورمزی پاراستووە و دەڵێت: دەبێت بەریتانیا واز لە هاوبەشێتی لەگەڵ ئەمەریکا بهێنێت لە تیرۆری ئابووریدا.

عێراق.. خۆپیشاندانی لایەنگرانی عەممار حەکیم

هەزاران کەس لە لایەنگرانی سەرکردەی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی، عەممار حەکیم لە شاری بەغدا و پارێزگاکانی دیکەی ناوەڕاست و باشووری عێراق لە بەرامبەر خراپی خزمەتگوزاریی و گەندەڵی، خۆپیشاندانیان ئەنجامدا. هاوکات هێزە ئەمنییەکان ڕێوشوێنی ئەمنی تووندیان لە ناوچەکانی نزیک لە نووسینگەی سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی لە شاری بەغدا گرتەبەر بۆ بەرگرتن لە ڕووداوێکی نەخوازراو.

هاوکات لە پارێزگاکانی دیکەی عێراق لەنێویاندا، بەسرە، میسان، زیقار، واست، دیوانییە، موسەنا، نەجەف، کەربەلا، بابل، سەلاحەددین، دیالە و میسان خۆپیشاندەران لەبەردەم فەرمانگە حکوومییەکان گردبوونەوە و داوای باشترکردنی خزمەتگوزاریی و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیی و ڕەخساندنی هەلی کاریان دەکرد. ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی بە سەرۆکایەتی عەممار حەکیم خاوەنی 19 کورسییە لە کۆی 329 کورسی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق. ڕەوتی حیکمە مانگی حوزەیرانی ڕابردوو ئۆپۆزسیۆن بوونی خۆی لەبەرامبەر سیاسەتی حکوومەتی عێراق بە سەرۆکایەتی عادل عەبدولمەهدی ڕایگەیاندبوو.



بارزان... سەردانی چین و تونژەکان بۆ سەر مەزاری نەمران بەردەوامە



مسلم دۆلەمەری- بارزان: ڕۆژانە بەبەردەوامی بۆ ڕێزگرتن لە خەباتی بارزانیی باوک و ڕێزگرتن لە گڵکۆی نەمران، سەردانی چین و تونژەکان لە ناوەوەی کوردستان و دەرەوەی وڵاتیش بۆ سەرمەزاری نەمران لە بارزان بەردەوامە، لەمیانەی ئەم سەردانانەدا خاتو نیاز عبدالله لێکۆڵەری کۆمەڵایەتی لەوڵاتی سوێد سەردانی مەزاری نەمرانی کرد لەبارزان، دووای بەخێرهێنانی لەلایەن ڕێزدار خلات بارزانی ولێژنەی پێشوازی و خوێندنەوەی سورەتی فاتیحە لەسەرگلکۆی نەمران، لەوتەیەکدا خەبات و بەرخودانی بارزانی نەمرو ئازادی و ئارامی و ئەمرۆی هەرێمی کوردستانی بەرزنرخاند، شایانی باسە هەرلەم سەردانانەدا چەندین کوردستانی و ڕۆشنبیرو دلسۆزانی ڕێبازی پیرۆزی بارزانیی نەمر بۆ نوێکردنەوەی سۆزو وەفاداری خۆیان سەردانی مەزاری نەمرانیان کرد لە بارزان.



پارتی لە پێدانی خانوو بە کەسوکاری شەهیدان بەردەوامە

پارتی دیموکراتی کوردستان لە سنووری ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی سلێمانیژەڵەبجە و کەرکووک- گەرمیان، لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆک بارزانی، خانەوادەی شەهیدان دەکاتە خاوەنی یەکەی نیشتەجێبوونی خۆیان، تا ئێستا بڕیاری دروستکردنی 1330 خانوو دراوە کە بەشێکی زۆریان تەواو بوون و ڕادەستی خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان کراون.

عەبدولڕەحمان حوسێن گوتیشی: 500 خانوو لەناو سەنتەری پارێزگای سلێمانی دروست دەکرێن، کە کاری 90%یان تەواو بووە و لەناو سەنتەری پارێزگای هەڵەبجە 235 خانووە و تا ئێستا 168خانوویان ڕادەستی کەسوکاری شەهیدان کراون، لە سێ مانگی ئایندەدا تەواوی خانووەکان تەواو دەبن و ڕادەستی خاوەنەکانیان دەکەین، لە ئیدارەی ڕانییە 120 خانووە و هەموویان تەواو بوون و ڕادەستی کەسوکاری شەهیدان کراون ?لە قەزای چەمچەماڵ 350 خانووە تا ئێستا 250 خانوویان تەواو بووە و ڕادەستی کەسوکاری شەهیدان کراون، لە قەزای دووکان 55 خانووە و هەموویان تەواو بوون و ڕادەستی کەسوکاری شەهیدان کراون، لە قەزای دەربەندیخان 70 خانووە، تا ئێستا 21 خانوویان تەواو بووە و ڕادەستی کەسوکاری شەهیدان کراون. حوسێن گوتیشی: تەواوی تێچووی خانووی شەهیدان لەسەر میزانییەی پارتییە، وەک وەفایەک بۆ خوێنی شەهیدان و کەسوکارەکەیان و بەردەوامیش دەبین لە دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ کەسوکاری شەهیدان.

جەخت لە هەماهەنگیی کوتلە کوردستانییەکان بۆ زیاتر خزمەتکردن بە پرسە نەتەوەییەکان کرایەوە



دوێنێ عەلی حسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان لە خەباتی بارزانیی باوک و ڕێزگرتن لە گڵکۆی نەمران، سەردانی چین و تونژەکان لە ناوەوەی کوردستان و دەرەوەی وڵاتیش بۆ سەرمەزاری نەمران لە بارزان بەردەوامە، لەمیانەی ئەم سەردانانەدا خاتو نیاز عبدالله لێکۆڵەری کۆمەڵایەتی لەوڵاتی سوێد سەردانی مەزاری نەمرانی کرد لەبارزان، دووای بەخێرهێنانی ڕێزدار خلات بارزانی ولێژنەی پێشوازی و خوێندنەوەی سورەتی فاتیحە لەسەرگلکۆی نەمران، لەوتەیەکدا خەبات و بەرخودانی بارزانی نەمرو ئازادی و ئارامی و ئەمرۆی هەرێمی کوردستانی بەرزنرخاند، شایانی باسە هەرلەم سەردانانەدا چەندین کوردستانی و ڕۆشنبیرو دلسۆزانی ڕێبازی پیرۆزی بارزانیی نەمر بۆ نوێکردنەوەی سۆزو وەفاداری خۆیان سەردانی مەزاری نەمرانیان کرد لە بارزان.

بارودۆخی ناوچەکە و هەماهەنگییەکان بۆ چارەسەرکردنی پرسە هەڵپەسێردراو و یاساییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق و سەردانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان و شاندی یاوەری، لەم بارەیەوە بۆ بەغداو ڕێگاچارەی گونجاو و یاسایی بۆ تەواوی کێشەکان تیشکی خرایەسەر. هەرلەو دیدارەدا باس لە هەماهەنگی و پەیوەندی کوتلەکانی پەرلەمانی و تایبەت کوتلە کوردستانییەکان بۆ زیاتر خزمەتکردن بە پرسە نەتەوەیی و یاساییەکانی خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی دەستوری عێراق و هەنگاوی جدی بنرێت و بەرژەوەندیی و مافی تەواوی پێکهاتەکان لەعێراق و هەرێمی کوردستان بپارێزرێت. لەکۆتایی دیدارەکەدا عەلی حسێن ڕۆڵی د.بەشیر حەدادی لەماوەی کارکردنی پێویست و بەرز نرخاند لە پێناو خزمەت کردن بەپرۆسەی سیاسی لە عێراق و هەرێمی کوردستان و پرسە یاسایی و دەستوورییەکاندا.

ژمارەیەک هاونیشتمانی و خانەوادەی شەهیدان لە ناحیەی دارەتوو بەسەردەکرێنەوە



لەمیانی سەردانەکانیدا بەرپرسی لقی16ی هەولێر وێڕای هەواڵپرسین لەباری تەندروستی و ژیان و گوزەرانیان بەوردی گوێی لەبەردەوامی سەردانەکانیداو بەسەرکردنەوەی هاونیشتمانیان و خانەوادەی سەربەرزی شەهیدانی گەلەکەمان لەدەڤەرە جیاجیاکانی سنوورەکەدا، بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان بەیاوەری تەیب زرار شێروانی و خدر مەنتک کارگێڕانی لق و جەوهەر تاهیر بەرپرسی لێژنە ناوچەی دارەتوو لەسنووری ناحیەی دارەتوو سەردانی هەریەکە لە هەڤاڵ عەبدولڕەزاق و حاجی حامید و خانەوادەی شەهیدی نەمر شەهید مەحفوزی کرد.

لەسەرنج و تێبینی و داواکارییەکانی ئەو هاونیشتمانیانە گرت لەپێناو دەستنیشانکردنی کێشەو گیروگرفت و پێداویستییەکانی هاوڵاتیانی سنوورەکە بەگشتی و دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاو بۆ چارەسەرکردنیان لەرێگای دام و دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

لەبەشێکی دیکەی دیدارەکانیدا بڵند ئیسماعیل ئاماژەی بەرۆڵی قارەمانانەی ئەو شەهیدە نەمرانەکرد کە گیانی خۆیان لەپێناو بەرگریکردن لەنیشتمان و نەتەوەکەیان بەخشی و ئەمرۆ گەلەکەمان لەسایەی خوێنی ئەو شەهیدە نەمرانەدا لەژێر سێبەری پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بەئازادی ژیان دەکات، بۆیە بەئەرکی لەپێشینەی خۆمانی دەزانین ئەوەی لەتوانماندابێت خزمەتی خانەوادەکانیان بکەین.

د سالار عوسمان: بەم نزیکانە یادی د.نافیع ئاکرەیی-ی نووسەر و شەهید بەرز ڕادەگرین



دوێنێ لە دیدارێکدا لە نێوان د سالار عوسمان بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکوومەتی هەرێم و حوسێن جاف جێگری یەکەمی ئەمیندارای گشتیی یەکێتیی ئەدیب و نووسەرانی عێراق بڕیار درا یادێک بۆ نووسەری شەهید د نافیع ئاکرەیی بکرێتەوە. بڕیارە ڕێوڕەسمەکە لە مانگی ئاب و لە شارۆچکەی ئاکرێ بە ئامادەبوونی نووسەرانی هەرێمی کوردستان و بەغدا ساز بکرێت و تیایدا جگە لە ڕێزلێنان لە خانەوادەی بەڕێزی د نافیع ئاکرەیی - ی شەهید، کۆمەڵێک نووسەریش خەلات بکرێن .

ڕێگای بەردەڕەش بۆ کەڵەک بڕی 300 ملیۆن دیناری دیکەی بۆ تەرخان کرا

سدقی ئامێدی، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند، کە ڕێگای بەردەڕەش بۆ کەڵەک بە تەواوی تێکچووە و پێویستی بە نوژەنکردنەوە هەیە، حکوومەتی هەرێمیش ماوەیەک پێش ئێستا 500 ملیۆن دیناری بۆ نوژەنکردنەوەی تەرخان کردووە، ئێستاش 300 ملیۆنی دیکەی بۆ تەرخان کراوە و، نوژەنکردنەوەی ئەو ڕێگایەش دەستی پێکردووە و بەشێوەیەکی باش نوژەندەکرێتەوە، چونکە ڕێگایەکی ستراتیژییە و هەموو هاتووچۆی ئۆتۆمبێلی بار هەڵگر بۆ کاری بازرگانی بەوێدا هاتووچۆ دەکەن. ئامێدی گوتیشی: جگە لەوەش بڕیارە لە ماوەیەکی کەمدا دست بە تەواوکردنی ڕێگای دووسایدی نێوان ڕۆقیا بۆ بەردەڕەش بکرێت، چونکە تەواوکردنی ئەو ڕێگایە ماوەیەک بوو وەستابوو. بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە باسی لەوەشکرد، بڕیارە ئەو ڕێگایەش بکرێتە دووساید، بەڵام بەهۆی ئەوەی ڕێگای بەدیل نییە، جارێ تەنیا نۆژەن دەکرێتەوە و هەر کاتێک ڕێگای چەمە بۆ هەولێر تەواو بوو، ئەوکات دەست دەکرێت بە دروستکردنی ڕێگای دووسایدی بەردەڕەش بۆ کەڵەک.

ئەمریکا ب 500 هزار دۆلاران پەرستگەها لالش نۆژەن دکەت

خەبات- ئالان شهاب: ب ئامادەبوونا مالباتا میری و جڤاتا ڕۆحانی شێخ شامۆ سەرۆکێ دەستەیا بلندا بنگەهێ لالش و شێوردارێ سەرۆکێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ بۆ کاروبارێن ئێزدیان و کۆمەکا شێوردار و کەسایەتییێن ئێزدیا، بالیۆزخانا ئەمریکی ل بەغدا و کونسلخانا ئەمریکی ل هەولێرێ پرۆژێ بەشداریکرن ل نۆژەنکرنا پەرستگەها لالش دا ڕاگەهاندن.هەر ئێک ژ بالیۆزێ ئەمریکی ل بەغدا تولەر و کونسلێ گشتی یێ ئەمریکی ل هەولێرستیف فەیگن دانە دیارکرن کو ئەمریکا ب بهایێ نیف ملیۆن دۆلاران دێ بەشداریێ دنۆژەنکرنا پەرستگەها لالش دا کەن. بالیۆزێ ئەمریکا ڕاگەهاند ئەڤ پرۆژە دێ ب ڕێکا تیمەکێ ژ زانکۆیا پەنسلڤانیا ب هەڤکاری دگەل لیژنا سەرپەرشتا نۆژەنکرنا پەرستگەها لالش دێ هێتە جێبەجێکرن.

گۆڤاری سوپەر مارکێت دەردەچێت

سوپەر مارکێت گۆڤارێکی مانگانەی ڕێکلامییە و بارەگای سەرەکی لە هەولێرە، خاوەن ئیمتیازەکەی زەندی صابر ڕسول و سەرنووسەرەکەی سەردار حوسێن تەها- یە، هەرکەس لاری لە ناوەکەی هەیە پەیوەندی بەم ژمارە تەلەفۆنەوە بکات.

07504965013

پرۆژەی پاڵاوتنی ئاوی بەکارهاتوو بۆ بەرهەمی کشتوکاڵ ئەنجام دەدرێ



خەبات/سەید فاتیح بەرزنجی: ئەندازیار سرود عەبدولحەمید بەڕێوبەری ئاوەڕۆکانی هەولێر ڕوونیکردەوە: بەڕێوبەرایەتی ئاوەڕۆکانی هەولێر جگە لەجێبەجێکردنی پرۆژەکانی ئاوەڕۆ، پلان و بەرنامەی دیکەشی لە هەگبەدا هەبووە وەک پرۆژەی پاکردنەوەی ئاوی بەکارهاتوو بۆ ئەوەی سەرلەنوێ ئەو ئاوە بۆ بەرهەمی کشتوکاڵی بەکاربهێنرێتەوەو دەبێتە سەرچاوەی داهات و سەرکەتووش بووە. لەسەرەتادا پرۆژەمان بۆ کەمپی ئاوارەکانی بەحرکە دروستکرد و جێی خۆیەتی گرنگی زیارت بەو جۆرە پرۆژانە بدرێت. هەروەها پلانمان هەیە بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی سیواسی سویسری کار بۆ ئەو بەرنامەیە بکەین ئامادەکاری ئەوان هەیە لە چەندین شوێنی دیکە بۆئەو پرۆژەیەوەهەوڵ دەدەین زیاتر پەرەی زیاتر بەو پرۆژەیە بدەین.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

بەڕێز مامۆستا یوسف مەحمود گەزنەیی

بەدڵگرانیەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو حەلیمە عەلی ئیسماعیل-ی دایکی بەڕێزتانمان پێگەیشت.

هاوبەشی خەمان بە بەڕێزتان و خانەوادە بەڕێز و تێکۆشەرەکەتان ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشی ئاڕاستەی بەڕێزتان و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین.

لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

انا لله و انا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

سوپاس و پێزانین

بەناوی بنەماڵەی مامۆستا عەبدولغەنی عەلی یەحیا بۆتانی زۆر سوپاسی بەڕێز سەرۆک مەسعود بارزانی و سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز نێچیرڤان بارزانی و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێز مەسرور بارزانی و مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین بەهۆی نارەدنی پرسەنامە و ئامادەبونی نوینەرەکانیان لە پرسەکەمان، سوپاسی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق دەکەین کە ئەندامان و نوێنەریان لە پرسەکەمان بەژدار بوون.

هەروەها زۆر سوپاسی هەموو دۆست و خزم و کەس و هاوڕێ و ئەدیب و ڕۆژنامەنووسان لە ناوەوە لە دەرەوەی هەرێم و بەرپرسانی لایەنی حکومی و هەموو حیزب و ڕێکخراو و سەندیکاو پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییە جیاوازەکان دەکەین کە ئەرکیان کێشا و ئامادەبون لە پرسەکەمان. یاخود لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ئیمەیان بەسەرکردەوە و هاوخەمیی خۆیان دەربڕی و باری ئەو خەمە گەورەیان لەگەڵ ئێمە هەڵگرت.

خوای گەورە ئەجرو پاداشتی هەموو لایەک بداتەوە، خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

لەگەل ڕێزدا

بنەماڵەی خوالێخۆشبێت

عەبدولغەنی عەلی یەحیا بۆتانی

www.xebat.net
یەک شەمە 2019/7/21 ژمارە (5793)

ژمارەیەک پرۆژەی خزمەتگوزاری جێبەجێ دەکرێت
سەرۆکی شارەوانی هەولێر:
شەقامی 100 مەتری بە بڕی یەک ملیار و 700ملیۆن دینار نۆژەن دەکرێتەوە

ڕاپۆرت: سەید فاتیح بەرزنجی

ماوەیەکە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر خەریکی بەئەنجام گەیاندنی کارو پرۆژەی خزمەتگوزاریە بۆ زۆربەی گەڕەکەکانی شاری هەولێر بەبێ جیاکاری بەتایبەتی گەڕەکە هەژارنشینەکانی وەکو مامزاواو سێبەردان و هەولێری نوێ بەیاوەری سەرۆکی شارەوانی هەولێر سەردانی کارو پرۆژەکانی سنووری شارەوانی سێمان کرد کە خۆی لە چەندین پرۆژە دەدات و بریتییە لە: کاری خۆڵکاری و تێکەڵە ڕێژکردنی چینی یەکەم بۆ 49شەقام لە کەرتی 9 هەزاریەکان لە گەڕەکی سێبەردان و کارو پرۆژەکانی گەڕەکی هەولێری نوێش بریتییە لە 35شەقام و کارکردن لەو دوو گەڕەکە درێژەی هەبوو دیارە ئەو پرۆژانە لەسەر داهاتی زەویە ڕوکنەکان و نایابەکان ئەنجام دەدرێت و ڕەزامەندیی وەزارەتی شارەوانی وەرگیراوە.

ئەندازیار سامان محەمەد بڵباس سەرۆکی شارەوانی هەولێر بۆ ڕۆژنامەی خەبات ڕوونیکردەوە:

ئێمە وەکو سەرۆکایەتی شارەوانی هەمیشە هەوڵماندواوە کارو پرۆژەکان بگەیەنینە هەموو ئەو گەڕەکانەی کە پێویستیان بە کارو پرۆژەی خزمەتگوزاری هەیە لەلایەن هەر شەش شارەوانیەکانەوە دەرخستەیان بۆ ئامادە دەکرێت وکاری لەسەر دەکەین، بەڵام قەیرانی دارایی سالانی ڕابردوو پرۆژەکانی وەستاند و ماوەیەکە لەسەر داهاتی لە 17%ی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر ژمارەیەک کارو پرۆژەمان بۆ چەند گەڕەکێک ئەنجام داوە لە گەڕەکەکان و دوایین کارو پرۆژەش لە گەڕەکەکانی سێبەردان و هەولێری نوێ بوو کە لەلایەن شارەوانی سێ سەرپەرشتی دەکرێت و گەڕەکی سێبەردان پێشتر گوندێک بوو ئێستا بوو بە گەڕەکێک و ژمارەیەک شەقامی بۆ دروست دەکرێت و ژمارەیەک شەقامی دیکەیش لە گەڕەکی هەولێری نوێ ژمارەیەک شەقامی بۆ دروست دەکرێ و گەڕەکێکی گەورەیەو پێشتر بەچەند قۆناغێک کارو پرۆژەی بۆ ئەنجام دراوەو لەئێستادا هەرلەو گەڕەکە لەلایەن سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر لەسەر لە 17%ی داهاتی سەرۆکایەتی شارەوانی بەبڕی 306ملیۆن دینار پرۆژەی تێکەڵەڕێژو دانانی کربستۆن ودانانی قاڵبی کربستۆن بۆ 35شەقامی ناوخۆیی بۆ گەڕەکی هەولێری نوێ ئەنجام بدرێت هەر لەو گەڕەکە جووت سایدێک دروست دەکرێ کە هەولێری نوێ بە شەقامی هەولێر-سەلاحەدین دەبەستێتەوەو پرۆژەیەکی گرنگە بۆ هاوواڵتیانی ئەو گەڕەکەو دەستخۆشی لە ستافی ئەندازیاران و کارمەندانی شارەوانی سێ دەکەین کە بەڕێکوپێکی سەرپەرشتی کارو پرۆژەکانی ئەو گەڕەکە دەکەن و بەڵێین بە هاوواڵتیان دەدەین ئێمە وەکو سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەر بەردەوام دەبین بۆ گەیاندنی کارو پرۆژە بۆ گەڕەکەکان و هەوڵیش دەدەین هەر لەسەر داهاتی سەرۆکایەتی شارەوانی کاری قیرتاویشیان بۆ ئەنجام بدەین و هەر لەسنوری شارەوانی سێ بەبڕی 148ملیۆن دینار کاری تێکەڵە ڕێژکردنی شەقامەکانی سێبەردانمان هەیە کە پێویستی بەگەیاندنی خزمەتگوزاری هەبوو بەباشمانزانی کارو پرۆژەیان بۆ ئەنجام بدەین پرۆژەکەیان بریتییە لە 49شەقام و تێکەڵە ڕێژکردن و هەرلەناو گوندی سێبەردانیش پار ساڵ توانیمان ژمارەیەک پرۆژەیان بۆ ئەنجام بدەین و ئەمساڵیش بە بڕی 160ملیۆن دینار ڕەزامەندی وەرگیراوە بۆ تەواوکردنی شەقامە ناوخۆییەکانی ناوگوندی سێبەردان وەک تێکەڵە ڕێژکردن و دانانی کربستۆن و هاوواڵتیانی ئەو گوندە لە قوڕو چلکاو ڕزگاریان دەبێت و بۆ قۆناغی داهاتووش بە هاوکاری و هەماهەنگی پارێزگای هەولێر توانیان ئەو شوێنانەی کە کاری قیرتاو کردنیان ماوە لەناو گوندەکە قیرتاویان بکەین.

ئەنجامدانی کارو پرۆژە بۆ چەند گەڕەکێکی دیکە

دواتر ئەندازیار سامان محەمەد بڵباس سەرۆکی شارەوانی هەولێر دەربارەی ژمارەیەک کارو پرۆژەی دیکە بەخەباتی ڕاگەیاند: مایەی خۆشحاڵییە توانیمان ژمارەیەک کارو پرۆژە بگەیەنینە چەند گەڕەکێک کە وچاوەڕوان دەکەین لە قۆناغی دووەم کارلەسەر دانانی تۆڕی ئاوو کارەبا بکرێت ئینجا دووبارە دەگەڕێینەوە سەر کربستۆن و دواتریش هەوڵی قیرتاوکردنی شەقامەکان دەدەین و پارسالیش توانیمان لە 70%ی شەقامەکانی ناوگوندی سێبەردان لەسەر داهاتی خۆمان و لەسەر داهاتی پارێزگا بە هەماهەنگی لەگەڵ پارێزگا کۆنکریت و کربستۆن بکەین و بۆ ئەمساڵیش هەر بۆ سێبەردان کارو پرۆژە ئەنجام بدەین ئەو لە 30%یەی کە ماوە ئەنجامیان بدەین جگەلەوەش هەوڵماندا کارو پرۆژە بۆ کەرتی هەشت هەزاریەکانی فەرمانبەران ئەنجام بدەین و دوو قۆناغ کاری بۆ کراوەو بڕیاریش وایە قۆناغی سێبەمی کارەکان بۆ ئەو گەڕەکە ئەنجام بدەین و شەقامەکانیان بۆ تێکەڵە ڕێژو دانانی کربستۆن کراوەو چەند بەشێکی ماوە پێویستی بە ئاوەڕۆ هەیە چاوەڕوانی ئەوە دەکەین چ لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاوەڕۆکان چ لەسەر داهاتی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێرباخود لەڕێگەی پارێزگا ئەو بەشەش ئەنجام بدرێت دواتر کاری قیرتاوکردنیان بۆ دەکرێ و بۆ کەرتی هەشتی حەسارۆکیش توانیمان دوو قۆناغ کار بۆ ئەو شوێنە ئەنجام بدەین و پرۆژەکەش بەرەو تەواو بوونەو هەوڵیش دەدەین هەرلەسەر داهاتی سەرۆکایەتی شارەوانی دوو قۆناغی دیکەی کاریان بۆ ئەنجام بدەین و لێرەوە بە هاوواڵتیانی ڕادەگەیەنین چاوەڕوانی هەوڵ و هیممەتی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کە دوای دەست بەکاربوونی وەزیری تازەی شارەوانی بەپلانی تازەو بەرنامەی تازە کارو پرۆژەکان دەست پێ بکەینەوە.

تەرخانکردنی 100ملیۆن دینار بۆ شارەوانی هەڵەبجە

ئەندازیار سامان محەمەد بڵباس سەرۆکی شارەوانی هەولێر دەربارەی تەرخانکردنی بڕی 100 ملیۆن دینار بۆ شارەوانی هەڵەبجە ڕوونیکردەوە: لەساڵی 2018ئەو داهاتانەی کە هەمان بوو توانیمان ژمارەیەک کارو پرۆژەی بۆ ناو گەڕەکانی ناو شاری هەولێر پێ ئەنجام بدەین جگە لەوەش توانیمان بڕێک پارە بۆ چەند شوێنێکی دیکە تەرخان بکەین کە لەدەرەوەی سنووری سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر بوو ئەویش تەرخانکردنی 500ملیۆن دینار بۆ شارەوانی سۆران بوو بۆ شارەوانی چۆمان 100ملیۆن بوو جگە لەوەش لەسەر داواکاری شارەوانی هەڵەبجەو وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزیری پێشووی شارەوانی بڕی 100 ملیۆن دینار تەرخانکرا بۆ شارەوانی هەڵەبجە و ڕەزامەندی درا لەسەر ئەو بڕەپارەیە کرا بە پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری بۆ ناو شاری هەڵەبجەو ئێمە وەک سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر زۆر خۆشحاڵ بووین کە توانیمان بەشدار بین بەتەرخانکردنی ئەو بڕە پارەیەو خزمەتی هاوواڵتیانی ئەو شارە بکەین و پرۆژەکەش تەواو بوو لەبەرانبەر ئەوە شارەوانی هەڵەبجە سوپاس و پێزانینی بە ئێمەدا.

قیرتاو کردنی چەند قۆناغێکی شەقامی 100مەتری

دەربارەی قیرتاو کردنی شەقامی 100مەتری ئەندازیار سامان محەمەد بڵباس سەرۆکی شارەوانی هەولێر ڕوونیکردەوە: بەشێکی زۆری ئەو شەقامە چاڵ و چۆڵی تێکەوتبوو، بۆیە بە باشمانزانی ئەمساڵ بە چەند قۆناغێک ئەو شەقامە قیرتاو بکەینەوە کاری قیرتاو کردنەکەش کەوتۆتە ناو زۆربەی شارەوانیەکان و قۆناغەکانی قیرتاو کردنی ئەو شەقامە ڕووبەرێکی زۆری بڕیوەو ئێستاش قۆناغەکانی قیرتاو کردنەوە گەیشتۆتە سنووری شارەوانی چوار لەشەقامی لای نەخۆشخانەی ڕزگاری تاوەکو چوار ڕیانی بەنزینخانەی ئاکار بۆ هەردوو ساید ڕەزامەندی وەزارەتی شارەوانی وەرگیراوەو بریتییە لە یەک ملیارو 700ملیۆن دینار، کە بە چوار قۆناغ دەستی پێ بکەین و قۆناغی یەکەم ئەنجامدراو کاری قیرتاو کردنەکەش تەواو بوو قۆناغی دووەمیش بەهەمان شێوە دەست بەکاری قیرتاو کردنەکە کراوەو بەردەوامین لەسەر قیرتاو کردنەوەی شەقامی 100مەتری و ماوەیەکی زۆربوو ئەو شەقامە پێویستی بە دووبارە قیرتاو کردنەوە هەبوو هەوڵ دەدەین قۆناغەکانی دیکەی ئەو شەقامە هەر لەسەر داهاتی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر قیرتاو بکەین و کاری هێڵکاری شەقامەکەش لەلایەن ئەندازەی هاتوچۆی هەولێر کاری بۆ دەکرێت بڕیاریش وایە کاری هێڵکاریەکەش لەلایەن ئەندازەی هاتوچۆوە ئەنجام بدرێت.

سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر بڕی 100 ملیۆن دینار دەبەخشێتە شارەوانی هەڵەبجە



سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر:
لەسەر داهاتی زەویە نایابەکان پرۆژەکان درێژەی هەیە

چەندین ساڵە لەو گەڕەکانە نیشتەجێ بوون و ماوەی چەند ساڵێکە خزمەتگوزاریان پێ نەگەیشت بوو بۆیە بە باش زانرا دەرخستەیان بۆ ئامادە بکرێت تا کارو پرۆژەیان بۆ ئەنجام بدرێت، وەک گەڕەکی مامزاوا کۆڵانەکانیان بۆ کۆنکریت کرا وەک قۆناغی دووەم و پێشتر لەماوەی چەند مانگی ڕابردوودا وەک قۆناغی یەکەم ژمارەیەک کۆڵانیان بۆ کۆنکریت کرابوو هەوڵ دەدەین بەبێ جیاوازی کارو پرۆژە بۆ گەڕەکەکان ئەنجام بدەین کارەکان قۆناغ بە قۆناغ لەسەر داهاتی ئەو لە 17%یە ئەنجام دەدەین وەک لە پێشتر ئاماژەمان بە گەیاندنی کارو پرۆژەکانی سێبەردان و هەولێری نوێ دا کە بریتی بوو لە تێکەڵە ڕێژکردن و دانانی کربستۆن




لە یادی 31 ساڵەی داستانی خواکورک

داستانی خواکورک بۆ دۆست و دوژمنانی سەلماند کە پارتی و پێشمەرگەکانی بارزانی تاکە سەنگەری پاراستنی کوردستانن

سەرپەرشتی و بەشداری راستەوخۆی سەرۆک بارزانی لە داستانی خواکورکدا هۆکار و ئەگەری سەرەکی وەدەستهێنانی سەرکەوتن بوون





خەبات: سەفەر یوسف میرخان ژاژۆکی

لە کاتێکدا رژێمی بەعس بە هۆی هەندێک سەرکەوتن لە بەرەکانی شەڕ لەگەڵ دەوڵەتی ئێران سەرکەوتنی بەدەست هێنا بوو، خەریک بوو شەڕی هەشت ساڵەی ئەم دوو دەوڵەتەش لەبەرژەوەندیی عێراق تەواو دەبوو، هەر لەم سەروبەندەشدا رژێمی بەعس هێرشەکانی بۆ سەر گوند و ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان چڕتر کردبووە و بەتەواوی لە خۆبایی ببوو، وایاندەزانی بە کۆتایی هاتنی جەنگی هەشت ساڵەی لەشکری پێشمەرگەی کوردستانیش بەرەو نەمان دەچن و کوردستان جێدەهێڵن، بۆیە 19-7-1988هێزەکانی رژێم بە چەک و جبەخانەیەکی زۆرەوە هێرشێکی بەرفراوانی کردە سەریان. بەڵام لە ئەنجامدا رژێم بەهەموو هێز و چەک و جبەخانەیان شکستیان هێنا بەرامبەر پێشمەرگەکانی پارتی و بارزانی و بە جۆرێک شکستیان خوارد کە تاکو هەتایە لە یادی ناکەن.



قادر قادر

سەرەڕای داستانە گەورەکەی خواکورک بۆ سەرکردایەتی پارتی و کوردستان جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی و پێشمەرگە قارەمانەکانی پارتی کە شان بەشان لە ناو سەنگەری مقاومەت و بەرخودان بۆ رزگاری کوردستان خەباتیان کردووە و جەماوەری کوردستان پاڵپشتی ئەم داستانە مێژووییان کردووە.

داستانەکە لە 19/7/1988دەستپێکرد و ماوەی زیاتر لە 45رۆژی خەیاند لە 5/9/1988سەرکەوتنی یەکجارەکی داستانەکە تۆمار کرا، ئەمڕۆش کە یادی 31ساڵەی تۆمارکردنی داستانەکە دەکەینەوە،ئەم داستانە کە بە سەرکردایەتی راستەوخۆی جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی تومارکرا و دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە ناوچەکە و جیهانیشدا لێکەوتەوە.**فەرماندەی پەشداری بوو لە داستانی خواکورک (قادر قادر) بەربەرسی مەحوەری گوێر لە بیرەوەرییەکانی دا بۆ رۆژنامەی خەبات دەڵێت:** بێگۆمان داستانی خواکورک داستانێکی مێژوویی و چارەنوساز بوو، داستانێک بوو کە دۆزمنانی کورد لەو کاتە بیریان لەوە دەکردەوە کە شەڕی ئێران- عێراق کۆتایی هاتووە و پێشمەرگە لە کوردستان نەماوە، بێگومان لەکات و ساتی داستانەکە و پێش ئەوکاتیش ئەنفال دەستی پێکردبوو، بۆیە رژێم وایدەزانی کوردستانی پاککردۆتەوە و هیچ شتێک نەماوە. جگە لە داستانی خواکورک پێشمەرگەی کوردستان دەستە دەستە لە شوێن و جێگا پێویست و حەساسەکانیش مابوون، بەڵام داستانی خواکورک بووە نیشانەیەکی دۆزمن، چونکە سێگۆشەیەکی سنووری بوو لەنێوان هەر سێ وڵاتی ئێران- عێراق- تورکیادا، بۆیە دەبویست لەوێش خۆی تاقیبکاتەوە، جگە لەمانەش رژێمی بەعس هەرچی چەک و جبەخانەی هەبوو، هەرچی سەرباز و جاش و جەیشی هەبوو هەمووی کۆکربۆوە بۆ ئەم شەڕە، چونکە وەک ئاشکرایە شەڕی نێوان ئێران- عێراق بە کۆتایی دەچوو و پێکدادانەکانیش کەم ببوونەوە، لە ڕاستیدا سەرۆک بارزانی راستەوخۆ سەرپەرشتی و بەشداری ئەو داستانەی دەکرد، هەروەها هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسیش بەشداربیان کرد و وڵاتی خۆیان هەبوو، پێشمەرگەش کە جەنابی سەرۆک بارزانییان بینی خۆی لە نزیکەوە بەشداری لە داستانە مەزنە دەکات، بەدڵ و دەروون و وردیەکی بەرزتر لە هێزەکانی دۆزمن دەچوونە پێشەوە و تێکیان دەشکاندن، بەحەقیقەت بەشداری سەرۆک بارزانی لەو شەڕە بووە هاندەرێکی مەزن بۆ برا پێشمەرگەکان و لێپرسراوەکان کەبەشدار بوون لەو داستانە بێوێنەیەدا، بەشداری جەنابی سەرۆک لەو شەڕدا ئەگەری سەرەکی سەرکەوتن بوو.

(عومەر عوسمان مێرگەسۆری)بەرپرسی فەرماندەیی هێزەکانی خەبات و یەکێک لە فەرماندەکانی بەشداربووی داستانی خواکورک وەک جێگری فەرماندە، قوەتی بارزان، بەرێزیان گوتی: ڕۆڵی بەرێز جەنابی سەرۆک بارزانی لەگەڵ ئەندامانی سەرکردایەتی کە ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی خۆڕاگری دەکرد و هۆکارێکی زۆر گرنگ بوو بۆ بەرگری و خۆڕاگری هێزەکانی پێشمەرگەو، پشتگیریکردنی جەماوەری ئاوارە لە دەرەوە، نارەنی هاوکاری بۆ بەرەکانی شەڕ و بریندارانی، کاری لۆجستیکی زۆر کاریگەری لەسەر خۆڕاگری پێشمەرگە هەبوو و جێگای تەقدیرن. ئەگەر هاتباو لە هەر شوێنێکی ئەو داستانە چاوی کامیرا هەبوایە قارەمانی و ئازایەتی پێشمەرگەی کوردستان و پارتی و بارزانی زۆر باشتر بەدیار دەکەوت. دوژمن لە هەموو لایەکەوە هێرشی دەستپێکرد بوو هەر شوێنە و داستانێکن، لە(کێلەشین)ەوە بگرە تا دەگەیشتە(خێرزوک)لە ناوچەی بارزان ئەو سێ گۆشەیە ببوونە مەیدانی شەڕ و پێکدادانێکی کەم وێنە. لەبەرەی ڕۆژئاوای خواکورک دەست پێ بکەین، دوژمن هەوڵی دەدا ئەو قوڵاییە سنوورییەی ناوچەی دەریای سوور و زێتی و شێروان مەزن بگرێ و هێزیکی زۆری نارد بۆ ناوچەی خێروزک لە ناوچەی بارزان و سنووری چالاکی قوەتی بارزان و لێژنەی ناوچەی میرگەسۆر بە فەرماندەیی خوالێخۆشبوو دکتۆر(سەعید ئەحمەد نادر) و بە خۆم و شەهید(ڕەمەزان دۆسکی) کە قوەتی بارزان بریتی بوو لەم هێزانەی خوارەوە کە ئەوکات بە ڕێکخراو ناو دەبردران. ئەوکات من جێگری فەرماندەی قوەتی بارزان و بەرپرسی لێژنەی ناوچەی میرگەسۆر بووم و تا کۆتایی داستانی خواکورک بەشداری ئەو ڕووداوانەی ڕۆژئاوای بەرەی خواکورک و خودی شەڕی خواکورک بوومە.

پێکهاتەی ئەو کاتەی قوەتی بارزان بەهێزترین قوەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لە ڕووی ژمارە و لە ڕووی چۆنایەتیەوە بەمشێوەیە بوو: خوالێخۆشبوو دکتور سەعید ئەحمەد بارزانی، فەرماندەی هێز بوو، دوای کۆنگرەی9ی پارتی دیموکراتی کوردستان لقی 2بالی ڕاستیان پێ دەگوترا بەڵام پاشان ناوەکەی کرا بە قوەتی بارزان. شەهید ڕەمەزان دۆسکی، بەرپرسی عەسکەری بوو. ڕێکخراوی شیرین، حەسۆ کانیەلینجی بەرپرس بوو، عەشقی عارەب کارگێڕی عەسکەری ڕێکخراو، عوسمان شکری کارگێڕی ڕێکخستن بوو، ژمارەیان 150 پێشمەرگە بوو.ڕێکخراوی پیران، بەرپرسی ڕێکخراو عزەت ئیسماعیل، کەریم عەبدوڵڕەحمان. لێژنەی ناوچەی میرگەسۆر کە من بەرپرسی ناوچەکە بووم، عیسا یوسف شێرۆکی، حوسێن حاڵی کۆڵەکی، ڕێبوار سەلیم شێخانی، تاهیر شێخ ئۆمەر ئەندامانی ناوچەکە.نەخۆشخانە: دکتۆر محەمەد سالح برین پێچی قوەتی بارزان. بارەگای لێژنەی ناوچەی میرگەسۆر ئەم قوەتە 700 پێشمەرگە بۆ سنووری چالاکی لە چیای دیلەوە تاکو بەرەدەری لە سنووری تورکیا لە ناوچەی شێروان. یەکەم شەڕ لە بەرزایی سەر گوندی کەکلە دەستی پێکرد و دوژمن توانی داگیری بکات، بۆ ئەم مەبەستە قوەتی بارزان دەستی کرد بە دژە هێرش و ئازادی کردەوە، بەڵام بە خوێنی چوار قارەمان کە بریتی بوون لە شەهید سەعید بابکەیی و شەهید خانۆ ئارەب و شەهید ئیبراهیم کانیەلینجی و شەهید عەلی سەروکانی، بەڵام دیسانەوە دوژمن هێرشێکی تری کرد و شوێنەکەی داگیر کردەوە، دوای ئەو هێرشەی دوژمن هێرشێکی تری کردە سەر دەشتی بەرازگر بەبەشداری زیاتر لە 40فەوج جاش و پشتیوانی هەلیکۆپتەر و دەیان تۆپی قورس لە دوولایەوە لە میرگەسۆر لە مینایەوە، لە جەبهەی ناوەڕاستیشە دوژمن بە هەموو هێز و توانایەوە هێرشی دەهێنا و، هەموو جۆرە چەکێک و هەموو شێوەکانی جەنگی تاقی دەکردەوە بۆ ئەوەی بتوانێ نزیک ببێتەوە لە سنوور، بەڵام ڕووبەڕووی پێشمەرگە قارەمانەکان دەبوویەوە پاش زیانێکی زۆر تووشی شکست دەبوو، هێزە بەشدار بووەکان بڕیتی بوون لە قوەتی(لقی 3 لقی (4پارتی دیموکراتی کوردستان و قوەتێکی (لقی (2پارتی دیموکراتی کوردستان هەروەها ئەو هێزانەی سەر بە سەرکردایەتی بوون(هێزی حەمرین) لەگەڵ (هێزی ئاوارە). ئەم داستانە مەزنەی خواکورک نابێ هەرگیز لەبیر بکرێ، ڕاستە ئێمە بە داستان ناوی دەبەین، بەڵام شۆڕشێک بوو، بەرخودان و خۆڕاگرییەکی کەم وێنە بوو لەبەر ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان تەنها و تەنها بەبێ هیچ هاوکارییەک ملی دابووە بەر ئەو خۆڕاگریەو، سەلماندیان کە شەڕی عێراق و ئێران هیچ پەیوەندیەکی بە بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد نییە، وەستانی ئەو شەڕەش ناتوانی ئارامی لە کوردستان و عێراق دابین بکات ، هەروەها ناتوانێ ببێتە هۆی وەستانی کاروانی خەبات و بەرخودانی گەلی کوردستان.

فەرماندەی قارەمان (محەمەد سەلیم مزوری) ناسراو بە (ئەبو ڕیش) فەرماندەی دیار و بەشدار بووی داستانی خواکورک لەبیرەوەرییەکانیدا گوتی: من لەسەرەتای داستانی خواکورک ڕیشی خۆم نەتاشی، بۆیە بە ئەبو ڕیش ناسرام و ئێستاش هەر بەئەو ناوەوە ناسراوم، شۆڕشی گوڵان دڕێژەپێدەری شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بووە، لەم شۆڕشە زۆر داستان تۆمار کران، بەڵام کاتێک داستانی خواکورک هاتە ئەنجامدان ئەو کاتە بوو کە شەڕی 8ساڵەی ئێران وعێراق کۆتایی پێهاتبوو، بۆیە بە حەقیقەت داستانی خواکورک داستانێکی زۆر گەورە و مەزن بوو، سەرۆک مسعود بارزانی لەم داستانەدا بڕیاری مان و نەمانی دا فەرمووی: "هەموو پێشمەرگە و هەموومان پێکەوت دەست لە ناو دەست خەبات دەکەین و لەبەرامبەر ڕژێمی دڕندە ڕادەوستین و شەڕی مان و نەمان دەکەین". بەحەقیقەت ئەو داستانە بە سەرۆکایەتی ڕاستەوخۆی سەرۆک بارزانی بوو لەگەڵ پێشمەرگە بەشداری ئەو داستانەی کرد، من ئەو کات بەرپرسی عەسکەری ڕێکخراوی ئاراس بووم، فەرمان لە جەنابی سەرۆکەوت بۆ ڕێکخراوی ئێمە هات، کە بە مولازم یونسی گوتبوو ئێوە دەچنە نازداری، هێزی حەمرین لەوێدایە، فەرماندەی ئەو هێزە خوالێخۆشبوو فەرماندەی قارەمان مام غەزالی میرخان بوو، بە "مام غەزالی" م گوت کە بەو شێوەیە تەوجیهات بۆ ئێمە هاتووە، مام غەزالی گوتی: زۆر باشە با پێشمەرگەکان بچنە گادەر ئیستراحەت بکەن و هەر شتێک ڕوویدا ئێمە ئاگادار بکەنەوە، ئەمە نزیکی 7ڕۆژ نەبوو کە دەوامان کرد، کە دۆزمن قوەتێکی زۆری هێنا و هاتنە پیشتی شێخان، قوەتی دۆزمن یەکجار زۆر بوو، بەرگریمان کرد و چەند شەهیدمان هەبوون، هەموو قوەتەکانی بەشدار بووی داستانی خواکورک ڕۆڵی خۆیان هەبوو و هەر یەک لە میحوەرەکانی خواکورک دابەش کران، هەتا قوتابی و لاو و ئافرەت بۆ بەرگری میللی پێکهاتبوو کە ئەوانیش دەوری خۆیان بینی، بەشداریمان لەو داستانە کرد کە وەکو پێشمەرگەی پارتی و بارزانی توانیمان بەرگری و مقاومەت بکەین کە بۆ سەرۆک مسعود بارزانی دەگەڕێتەوە، چونکە سەرۆک بارزانی ڕاستەوخۆ لە ناو سەنگەر و لە ناو مەیدان خەبات دا بوو، ئەمەش ئومێد و هیوای پێشمەرگە قارەمانەکان دەبەخشی، هەر لەو سونگەیەشەوە تەحدای هەموو



محەمەد سەلیم مزوری

ئەگەر و پێشهاتێکی کرد و بریاری شەڕی مان و نەمانی دا و هەر لە دەستپێکی شەڕەکەدا و تا دوا فیشەکیش سەرۆک بارزانی ڕاستەوخۆ بەشداری و سەرپەرشتی ئەو داستانەی کرد شان بەشانی پێشمەرگە قارەمانەکانی پارتی و بارزانی.

لەگەرمەی شەڕی داستانی خواکورک سەرۆک بارزانی فەرمووی: "من دڵنیام لەماوەیەکی زۆر کەمدا زۆر شت ڕووەدەات و بارودۆخەکە بە گشتی دەگۆڕێ یا خود دۆزمن ناچار دەبێ لەبەرامبەر ئەم جۆرە بەرگرییدا بە خۆیدا بچێتەوە. هەر واشی لێهات، سوپاس بۆ خوا ئەو بوو کە بیروبۆچوونەکانی جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی هەمووی هاتنە دی.


بەڕێز(قادر قادر) فەرماندەی بەشداری بووی داستانی خواکورک لە بارەی وتاری سەرۆک بارزانی و پێشبینەکانی بەڕێزیان گوتی: حەتمەن ئێمە بیرمان لە قسەکانی سەرۆک مسعود بارزانی دەکردەوە، ئاواتمان بوو، بەڵام لە تەسەوەری ئێمەدا نەبوو، بەڵام سوپاس بۆ خوا هەموو پێشبینەکانی سەرۆک بارزانی هاتە دێ. ئەو پێشبینیانەی سەرۆک بارزانی بوو بە وانەیەک، چۆن قوتابیەک لە قوتابخانە وانە دەخوێنی، بەو جۆرەش بۆ ئێمە بوو و وانەیەک لەو وانانەی کە ئێمەی پێگەیاند، پێشبینەکی ڕاستگۆیانە کە لە کۆبوونەوەکان بە ئێمە دەگوترا و ڕاڤەدەکرا. هاتنەدی، ئەو پێشبینیانەش نەک تەنها جێی خۆشحاڵی ئێمەی پێشمەرگە بوو، بەڵکو جێی خۆشحاڵی گشت جەماوەری کوردستانیش بوو. لە دوای شەڕی خواکورک سەرۆک بارزانی دیاریەکی بە نرخی پێدام کە ئەوەیش دوربینێکی بچووک بوو، تا ئێستاش لام ماوە و پاراستوومە، هەروەها دیاریەکی دا بە شەهید سەید سالح بەروازی کە ئەوکات بەرپرسی عەسکەری لقی چوار کە بریتی بوو لە سەعاتی دەستی خۆی، بێگۆمان ئەو دیاریانە زۆر بە نرخن لامان چونکە دیاری سەرۆک بارزانی بوو وامانداوەتا کە ئەمە هەموو دونیایە.

دەربارەی کاریگەریی داستانی خواکورک لەسەر ڕەوتی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد (عومەر عوسمان مێرگەسۆری) گوتی: تۆمار کردنی ئەم بەرخودان و خەباتە لە مێژوودا پایەکانی مێژووی کورد بەهێزتر دەکات و لەڕووی سیاسیەوە بنەمایەکی بەهێز بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد دروست دەکات و سەربەرزیەکی زۆر بۆ بەشدار بووان و فەرماندەکانی دروست دەکات، بێگومان مێژوو ئایندە دروست دەکات و هەر ئەو جۆرە خۆڕاگرییە هەر لە ئەنجامی ئەو فیداکاریەیە. ئەم پێشبینیە سیاسییانەی سەرۆک بارزانی دوای داستانی خواکورک یەکجار گرنگ بوون، زۆری پێنەچوو هەر هەموو ئەو وتە بەنرخانەی سەرۆک مسعود بارزانی لە ئەرزی واقیعدا هاتنەدی، دروست وای لێهات کە خۆی فەرمووی، بەڕاستی دەبێ ئێمەی کورد سوپاسگوزاری هەڵوێست و بۆچوون بین و بەرز بینرخێنین و هەمیشە بە یادی نەوەکانمان بێنینەوە و مێشکی ڕۆڵەی کورد بەوە ئاو بدەین.

هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی شەهیدانی داستانی خواکورک و هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کورد و کوردستان و سەرقافڵەی شەهیدان بارزانیی نەمر و کاک ئیدریسی هەمیشە لەیاد. سەربەرزی بۆ هەموو پێشمەرگە قارەمانەکانی ڕێبازی پیرۆزی بارزانیی نەمر و بەشداربووانی داستانی گەورەی خواکورک.

خواکورک...

داستانی بەرخودانی گەلێک



مستەفا نەبی

ئەگەر گەشتێکی خێرا بەنێو لاپەڕەکانی مێژووی پڕ لە سەروەری گەلەکەماندا بکەین و ئاوڕێکی خێرا لە رابوردومان بدەینەوە ئەو کاتە نەهامەتی و دەردەسەری و چەندین رووداوی خوێناوی جەرگبڕ و بەسەرهاتی تاڵ و شیرین و خۆش و ناخۆشی خۆمانمان بەرچاو دەکەوێت و ئەو کاتە بۆمان دەردەکەوێت کەوا گەلەکەمان چ نەهامەتی و دەردەسەرییەکی لە دەست نەیاران و داگیرکەرانی ولاتەکەی بینیوە کەوا تاکو مێژوو ماوە ئەو بەسەرهاتانەش لەگەڵیدا دەمێنن و هیچ شتێک ناتوانێت بیانسڕێتەوە.

داستانی خواکورک کەوا لە ناوەراستی تەموزی 1988 راستەوخۆ لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان (عێراق-ئێران) تۆمارکرا کەوا هاوکات بوو لەگەڵ شاڵاوی بەدناوی ئەنفالە ڕەشبگیرییە گەورەکە و ڕاگوێزانی کورد لەسەر زێدی باب و باپیرانیان و زیندە بەچاڵکردنیان و هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی تاکی کورد ، چونکە سەرانی بەعس ئەو کاتەیان بە هەڵ زانی پێش ئەوەی لەشکرە پڕچەک و زەبەلاحەکەیان پەرت و بڵاو بێتەوە، بۆیە تەنها چەند ڕۆژێک دوای کۆتایی هاتنی ئەو جەنگە گەورەیە هەر بەهەمان هێز و بەهەمان سەرکردایەتی بە هەمان پلان پاشماوەی هەموو ئەو لەشکرە پڕ چەک و زەبەلاحەی کە لە دژی شەڕی هەشت ساڵەی لە دژی ئێران پێ ئەنجامدابوو بە هەموو تانک و زرپێوش و تۆپە قورس و موشەکە دورهاوێژەکانی و فڕۆکەجەنگیە پێشکەوتووەکانی و بۆمبە کیمیاوییە قەدەغەکراوە نێودەوڵەتییەکانی هێنایە سەر کوردستان و شەڕی جینوساید و شاڵاوی بەدناوی ئەنفالی لە دژی گەلی کورد جارێ دا ، ئەوەی خوا پێی ناخۆش بوو ئەو دڕندانە گورگ ئاسا لەدژی ئەم گەلە خێر لەخۆ نەدیوە بەبێ گوێدانە هیچ بنەمایەکی مرۆڤایەتی ئەنجامیاندا ، لەو هێرشەدا زیاترلە (5)هەزار گوند لە ڕەگ و ریشەوە هەڵتەکێنرا و هەزاران کەسی بێ گونا لە پیر و پەککەوتە و ژن و منداڵ لەسەر زێدی باب و باپیرانی خۆیان بە پێی پەتی و بێ پۆشاک و خۆراک وەدەرنا و ئاوارە و سەرگەردانی کردن جگە لە خەڵکێکی کەم کەوا توانی فریای خۆی بکەوێت بەبێ هیچ پێداویستییەک دەربازی بێت و ڕوو لە سنوورەکانی ئێران و تورکیا بکات، ئەوانی تری هەمووی خستنە پشتەوەی زیلە عەسکەریەکانیان و لە بیابانەکانی خواروی عیراق زیندەبەچاڵی کردن.

کار وا ڕێشتو لەشکرە زەبەلاحەکەی بەعس بەردەوام بوو لە خاپورکردنی کوردستان و کارە دڕندانەکەی خۆی تاکو گەیشتە ناوچەی خواکورک کەوا ناوچەیەکی سنووری ستراتیژیی کوردستانە و هەرسێ وڵاتی (عێراق-ئێران- تورکیا) بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بۆیە لەو کاتەدا بەبڕیارێکی بەپەلە و ڕاستەوخۆی جەنابی سەرۆک بارزانی داواکرا هەرچی زووە دەبێ سنوورێک بۆ ئەو دەست دڕێژیە وەحشیگەرایەتییەی سەرانی بەعس دابندرێت و پێویستە هەرچی هێزی پێشمەرگەی هێزەکان و لق و ناوچە و ڕێکخراوەکانی سەر بە سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی پارتی هەیە بە خودی جەنابی سەرۆکیشەوە جار بدرێ و بە زووترین کات ڕوو لە بەرەکانی شەڕبکرێت لە ناوچەی خواکورک هەر ئەو کاتە و بەگەیشتنی ئەو هێزانە بۆ بەرەکانی شەڕ ئاراستەی شەڕەکە گۆڕا و بەرخودان و بەرگریی پێشمەرگە دەستی پێکرد بەوەش لەشکرە زەبەلاح و پڕ چەکەکەی سەرانی بەعس تووشی گەورەترین و بەهێزترین بەرەنگاری بوونەوە کەوا پێشتر تووشی ئەم جۆرە بەرەنگارییە نەببوونەو بەڵکو بە ئاسانی پێشڕەویان دەکرد ، بەڵام لەم ناوچەیە ئەوەی نەیادیبوو وبە خەیاڵیاندا نەدەهات بینییان بەڕاددەیەک پەشۆکاو بوون و سەریان لێشێوا کەوا نە فڕۆکە و نە تۆپ و تانک و زرپێوش و تەنانەت چەکی کیمیاویش دادی نەدان و بە فریایان نەکەوت، پێشمەرگە نەبەردەکان لە ژێر سەرپەرشتی و بەشداری ڕاستەوخۆی جەنابی سەرۆک لە شەڕەکان و دانانی پلان و بەرنامەی ڕاستەوخۆی شەڕەکە لە لایەن بەڕێزیان توانییان ئاراستەی شەڕەکە بە شێوەیەک بەلای خۆیاندا بگۆڕن کەوا گەورەترین سەرکەوتنیان لەو داستانە تۆمارکرد و گەورەترین گوورزیان لە دوژمنانی کورد وەشاند بەڕادەیەک کەوا دوژمن بەهەرچی هێزی هەیبوو لە سوپا و گاردی کۆماری و کۆماندۆی تایبەت و جاش و مەفرەزە خاسەکانی و پاڵپشت بەو هەموو هێرشە ئاسمانیانەی فڕۆکە جەنگییەکانیان و ئەو تۆپبارانە چڕەی کەوا لەلایەن کەتیبەی تۆپە دوورهاوێژە نەمساویە پێشکەوتووەکانیان بۆیان دەکرا و بە بەردەوامی هێرشی دەهێنایە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە و شەو نەبوو لە سنوری(10-15) هێرش ئەنجام نەدەن کەچی هەموو هێرشەکانیان بێ ئاکام بوو و هیچیان بە هیچ نەدەکرد جگە لە بەجێهێشتنی سەدان لاشەی چەکدارەکانیان کەوا شەو و ڕۆژ ئێمە ئۆقرەمان نەمابوو لەبەر بۆن گەنی لاشەکانیان و باشترین گەواهیشمان بۆ ئەو ڕاستییانە گوتەی ئەو کۆمەڵە سەربازە بوو کەوا لەبەردەکانی شەڕ بەدیل گیرابوون، لە ناویاندا ئەفسەرێک بوو کەوا ئامارژەی بە گەورەیی شەڕەکە و بەئازایەتی پێشمەرگە ئەکرد وتی من بەشدارییم لە شەڕی هەشت ساڵەی قادسیەدا کردووە لەناویاندا شەڕی فاو کەوا بە جەنگێکی زۆر دژوار بۆ جەیشی عێراقی ناوزەد دەکرێ ،کەچی ئەو جەنگەم زۆر لام ئاسانتر بوو لەو بەرگریەگیان بەخشییەی کەوا لێرە پێشمەرگە دەیکات و ئەو لەشکرە گەورە و زەبەلاحەی کەوا هەشت ساڵ شەڕی ولاتێکی گەورەی وەکو ئێرانی بەهێزی کرد و بەزاندی کەچی بە هەمان چەک و جبەخانە و فڕۆکە ناتوانێ سەنگەرەکان بە پێشمەرگە لەق بکات.

گرینگی و گەورەیی داستانی خواکورک لەوەدایە کەوا بە سەرپەرشتی و بەشداری ڕاستەوخۆی خودی جەنابی سەرۆک بارزانی پێشمەرگە جارێ شەڕی دەستەویەخە و مان و نەمانیی دا لە گەڵ دوژمن ، پلان و ئاراستە و ڕێنماییەکانی جەنابی سەرۆک کاریگەرییەکی یەکلاکەرەوەی لەسەر شەڕەکان و بەرزکردنەوەی وەڕی پێشمەرگە هەبوو، چونکە هەرکاتێک پێشمەرگە ئاوڕێکی لە تەنیشت خۆی دەدایەوە و جەنابی سەرۆکی دەبینی کەوا چون شانبەشانی ئەو سەنگەری لە دوژمن گرتووە، ئەوندەی تر لە شەڕکردن ڕژدتر دەبوو گورزی کاریگەرتری لە دوژمن دەوشاند و بەو چەکە سوک و سادەیەی دەستی گەورەترین سەرکەوتنی بۆ خۆی و گەلەکەی تۆمار کرد ،کەوا ئاکامەکەی ببووە جێگای هەڵوەستە و تێڕوانینی زۆربەی چاودێرانی سیاسی و شیکەرەوانی بواری سەربازی و هەروەها کەنالە ڕاگەیاندنە جیهانییەکان هەریەکەو بە ڕیپۆرتاژێک و پێدا هەڵگوتنێک باسیان لە جوامێری و قارەمانیەتی پێشمەرگە دەکرد و ئامارژەیان بەو سەرکەوتنانە دەدا کەوا لەو داستانە مەزنە تۆماریان دەکرد، وە خاڵێکی تری زۆر گرینگ هەیە کەوا ببووە خاڵی نهێنی سەرکەوتنەکانی ئەو داستانەو پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکرێ ئەویش بەشداری ڕاستەوخۆی ئەو جەماوەرە شۆڕشگێڕەی پەناهەندەکانی ئێران بوو کەوا بەشداریەکی زۆر کاریگەریان لەو داستانە مەزنەدا کرد کەوا بەشێکیان وەک بەرگریی مللی بەشداری ڕاستەوخۆی شەڕەکانیان کرد و ئەوانیتر بەبەردەوامی لەهەوڵی دابینکردنی خواردن و کەل و پەل و تفاقی شەڕبوون بۆ پێشمەرگە و هەر خۆشیان ئەرکی گواستنەوەیان خستبووە ئەستۆی خۆیان کەوا ئەمەشیان کارێکی وا ئاسان نەبوو .

داستانی خواکورک لە سەر بڕیاری جەنابی سەرۆک لە 5/ 9/1988گەورەترین سەرکەوتنی بەدەست هێنا و جەنابی سەرۆک بۆ ڕۆژانی دواتر یەکە بە یەکە لەگەڵ هەموو ئەو هێزوو ڕێکخراوانە دانیشتنی ئەنجامدا و دەیفەرموو: (ئەوەی ئێوە کردتان نابێ مێژوو لە بیری بکات، ئێوە لەو داستانە مەزنە چۆکتان بە گەورەترین دیکتاتۆری سەردەم دادا و ئێوە خەباتی سی ساڵی ڕابردوو و سی ساڵی داهاتووی خەباتی نەپساوەی گەلەکەتان نوێ کردەوە و لاپەڕەیەکی پڕشنگدارتان لە مێژووی گەلەکەتان تۆمارکرد و ئەو سەرکەوتنەی ئێوە کەوا لێرە تۆمارتان کرد نیشانەی ئەوەیە کەوا کوردستان پەکی ناکەوێ مادام ڕۆڵەی قارەمانی وەک ئێوەی هەیە مژدەتان پێ ئەدەم کەوا سەرکەوتنی یەکجارەکی گەلەکەمان زۆر نزیک بۆتەوە ، لە جیهانی ئێستا باوی دیکتاتۆریەت و زوڵم و زۆرداری نەماوە). ئەو پێشبینییە موژدەبەخشەی جەنابی سەرۆک بۆ پێشمەرگە هەواڵێکی زۆر خۆش و دڵگیر و لەناکاو بوو، چونکە زۆر ئەستەمە لەو ڕۆژگارە ڕەشە بتوانی ئەو ئومێد و موژدەیە بە پێشمەرگە ببەخشی و لەم ڕۆژگارە سەختە بتوانی ئەو پێشبینییە سیاسییە گەورەیە ڕابگەیەنی ، ئەوەی جێگای لێڕامان و سەرسوڕمانی چاودێرانی سیاسی و سەبازی بوو وەدیهاتنی ئەو پێشبینییە گەورەیەی جەنابی سەرۆک بوو کەوا تەنها دوای چەند مانگێک هاتە دی ، ئەوە بوو ڕاپەڕینی بەهاری 1991ی لێکەوتەوە و بۆ هەتاهەتایە تەختی دیکتاتۆریەت لەم وڵاتە لە گۆڕ نرا و گەلەکەمان بۆ دوا جار لە دەست دیکتاتۆریەت و چەوسانەوە و زوڵم و زۆرداری ڕزگای بوو و ئێستا خاوەنی کیانێکی سیاسی و ئابووری نیمچە سەربەخۆیە و بەرەو سەربەخۆیی یەکجارەکی هەنگاو دەنێ.



نووسەر لە بەشدارپووانی داستانی خواکورک، یەکەمین کەس لە دانیشتووان (دەستە چەپ)



پێشمەرگەکانی پارتی و بارزانی بەردەو بەرەکانی جەنگ 1988

www.xebat.net
خەبات | یەک شەمە 2019/7/21 ژمارە (5793)

نرخی وانەیەک لە خولی بەهێزکردنی ناحکومی 250000 هەزار دینارە

خولەکانی بەهێزکردن بۆتە بازرگانیکردن بەقوتابی و فێرکردنێکی بێ پەروەردە

ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە تا چەند دەتوانێت خولەکانی بەهێزکردن ڕێکبخات؟



خەبات/ ڕۆشنا عەلی

خولەکانی بەهێزکردن مەودای بازرگانیکردنی بەپەروەردەوە فراوانکردووەو زۆرترین قازانج و ڕیکلامی کەنالە تەلەفزیۆنییەکانیشی بەخۆوە سەرقاڵ کردووە، بەجۆرێکە نرخی هەر وانەیەک لە نێوان 100بۆ 250دۆلارە لە قوتابخانەی ناحکومی و 40000بۆ 50000هەزار دینارە لە قوتابخانەی حکومی بەپێی مامۆستاو کوالێتی خولەکان ، لە کاتێکدا بەشێکی زۆری مامۆستایانی قوتابخانە حکومییەکانن ، وەزارەتی پەروەردە کومەڵێک ڕێنمایی دەرکردووە دەربارەی خولەکانی بەهێزکردن و چەندین مەرج و پێودانگی داناوە کە دەبێت هەر قوتابخانەیەک یان پەیمانگایەک پەیڕەوی بکات ونرخەکانیشی دیاریکردووە.



پابەند نەبوونی ناحکومی

مامۆستا سامان ڕەسول بەڕێوەبەری قوتابخانەی بارزی ناحکومی دەربارەی ئەوەی کەئایا نرخی وانەیەک کە دیاری کراوە سوودی ئەبێت بۆ قوتابخانەی ئەهلی و ئەتوانن هەموو ئەوڕێژانەی لێ جیابکەنەوە کە دەستنیشانکراوە ؟ئەو بۆ خەبات ئاماژەی بەوەدا کە ئەم نرخانەی دیاری کراوە لە قوتابخانە حکومیەکان جێ بەجێ دەکرێ بە تەواوی ڕێنماییەکانی ڕێژەیەکی بەرچاوی فێرخواز بەشداربووان کەمدەکاتەوە. وە دەربارەی ئەوەشی کە ئایا ئەم ڕێنماییانە دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لەکەمکردنەوەی ئەو بازرگانیکردنەی کەبە فێرکردنەوە دەکرێت مامۆستا سامان ڕەسوڵ ئاماژەی بەوەدا کە ئەم خولانە هێندە گرنکی بە بازرگانیە هێندە گرنکی بە پەڕەهەڵدانەوەش بێت.

مامۆستا فەرهاد کەریم هەر دەربارەی کەمکردنەوەی بازرگانیکردن بە قوتابی لە خولەکان پژهەبات وتی: نەخێر بەهیچ شێوەیەک ئەم بازرگانیە کەم ناکاتەوە بەڵکو بڵنگۆیەکی زۆر باشیشە بۆ دەکرێت بەکورتی ئەوەندەی بازرگانیە خولی بەهێز کردن نیە ناشڵێم هەمووی ، چونکە هەندێک مامۆستا و قوتابخانە هەن بەڕاستی خۆ لەگەڵ قوتابیان هیلاک دەکەن و قوتابیانیش سوودێکی باش وەردەگرن ، بەڵام ئەمانە زۆر کەمن .

مامۆستا هێمن سورچی بۆچوونێکی جیاوازی هەبوو پێی وایە کە ئەم بریارانە دەتوانن بازرگانیکردن کەمبکەنەوە ئەو لەمبارەیەوە وتی " بەڵێ بەدڵنیایەوە بازگانیکردن بە قوتابیان کەم دەکاتەوە ناهێڵێت هەر قوتابخانە و سەنتەرێکی ئەهلی هەبێت و هەڵسێت و بە حەزی خۆی پارە لە فێرخوازان وەربگرێت ، بەڵام من ژمارەی وانەکانم پێکەمە من پێم وایە ژمارەی وانەکان لە ٩٠ کاتژمێر کەمتربێت فێرخواز وەک پێویست سودمەند نابێت لە خولەکان.

سەرنجەکان لەسەر ڕێنماییەکان

دەربارەی سەرنجی مامۆستایان لەسەر ڕێنماییەکان و خاڵی ئەرێنی و نەرێنییەکانی مامۆستا سامان ڕەسوڵ ئاماژەی بەوەدا کە قوتابخانە ناحکومیەکان بەگشتی پابەندی نابن هەر قوتابخانەیەکی ناحکومی ڕێنمای و ڕێسا و یاسایی تایبەت بەخۆی هەیە لە قوتابخانەکەی جێ بەجێ دەکات .

مامۆستا فەرهادیش ئاماژەی بەوەدا کە لە ڕێنماییەکان باسی سەردانی سەرپەرشتیاران کراوە ئەو لەمبارەیەوە وتی " سەردانی سەرپەرشتیاران کلاسیکە تەنها سەردانێکی تەشریفیە و بەس ، هیچ بەدواداچونێک ناکرێت لەڕووی وانە یان ڕادەی گەیشتنی مادەکان یان ئەنجام دانی ئەزمونەکان یان وەرگرتنی چەند عەینەیەک لە ئاستی زانستی قوتابیان یان ئایا بۆچی مامۆستایان وانەکانیان لەسەر مەلزمەکان دەخوێنن ؟ یان هەندێک مامۆستا وانە دەڵێنەوە کە قووتابیان پێیان ڕازی نین؟ یان لەهەمووش گرنگتر بەهیچ شێوەک دایبابان لەو خولانە جێگایان نیە ؟ ، کەچی ئەوان کۆڵەکەی سەرەکین لە گەیاندنی هەر کەم و کوریەک هەبێت.

هەروەها تایبەت بە قەزاکان ئەم خولانە کەمتر دەکرێنەوە ، چونکە زۆربەی قوتابیان هاتوچۆدەکەن بۆ شارەکان و بەهیچ شێوەک مامۆستایان بەو بڕە پارەی دانراوە ڕازی نین جگەلەوەی سەرپەرشتیاری یەکەم کرا ئەو مجالەی هەیە سەردانی ئەو بە ناچاری پابەند دەبن ، چونکە ئەزموونی ولاتە پێشکەوتووەکان سەلماندوویانە تەنها پێژماردنی زۆر مرۆژ پاپەند دەکات بە جێبەجێکردنی یاساکان.

لە میانەی ڕاپۆرتەکەدا چەند قوتابییەکمان لە خولەکانی بەهێزکردن دووان هەریەم محەمەد قوتابی پۆلی 12 ئاماژەی بەوەدا کە لە ئەهلی لە 100دۆلار تا 150 دۆلارەو لە حکومی 40تا 50هەزارە ، هەروەها مەریوان ئەحمەد سەلاح ئاماژەی بەوەدا کە ئەو لە قوتابخانەی ناحکومی بەشداری کردووەو نرخی خولەکەی 70000هەزارە ئەو وتی: من لە دوو وانە بەشداریم کردووە ئەگەر لە سآ وانە بێت داشکاندنم بۆ دەکرێت عومەر عەلی ئاماژەی بەوەدا کە لە خولی بەهێزکردنی قوتابخانەیەکی حکومییە ئاماژەی بەوەدا کە نرخی هەروانەیەکی 40000 هەزار دینارە .

قوتابییەکی پۆلی 12 ئاماژەی بەوەدا کە هەندێ قوتابخانەی ئەهلی نرخی خولەکەی 250000دینارە

قوتابییەکی پۆلی 12:

وەزارەت هەر بڕیارێک دەربکات تەنهاحکومییەکان پابەندی ئەبن و ئەهلییەکان پابەندی نین لێپێچینەوەشییان لەگەڵ ناکرێت



هێمن سورچی:

کاتێک ڕێنماییەکان جێبەجێدەکرێت ئەگەرلێژنەیەکی جدی چاودێریان بکات و پێ ژمارەیێکی زۆرێش پێویستە دابنرێت لە بەرامبەر هەر سەرپێچییەک



فەرهاد کەریم:

لەناو خولەکان لەجیاتی پەرتووک مەلزەمە دەخوێندرێت دەبێت هەر قوتابیەک مەلزەمەی مامۆستاکەش بکرێت کەلەخولەکە وانە دەڵێتەوە



سامان ڕەسوڵ:

لەخولەکانی حکومی پەرتووک تەواو ناکرێ، بەڵام ناحکومی پەرتووک تەواو دەکرێ بە پەلە پەل و پەڕەهەڵدانەوەش بێت

قوتابخانە ئەهلیەکان ، لێردا خالێکی پۆزەتیڤ دێتە ئارا کە بڕیتیە لە وەی قوتابخانەکان بکەونە پێشبرکێ تاکو بتوانن باشترین خزمەت بە فێرخوازان بکەن لە ڕووی زانستی و فێرکاری سەبارەت بە جیاکردنەوەی بڕی پارەکان بەم شێوەیە بەڵێ دەتوانرێت بەمەرجێک لێژنەیەکی کارا بتوانێت سەرپەرشتی خولەکان بکات . چارەسەری بازرگانیکردن ناکات جۆر و چۆنیەتی نادەن ، لەبەر ئەوەی ماوەی خول کەمە لە حکومی پەرتووک تەواو ناکرێ، چونکە ماوەکەی کەمە ، بەڵام ناحکومی پەرتووک تەواو دەکرێ بەهەرجۆرێک بێت بە پەلە پەل و مامۆستایانی وانەی تایبەتەکان پەیوەندیەک دروست دەکەن وا لە قوتابیان دەکەن بەشێوەی مەنهەج کامل لە ماڵ تەواو بکەن ئەوە جگە لەوخاڵەی لەسەرەوە باسم کرد کرین و فرۆشتن بە مەلزەمەکان مەبەستەش ڕێنمایی تایبەتی دەرکردووە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک ڕێنمایی ئەوەی دەرنەکردووە ، کە یەکەی کارگێڕی قوتابخانە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم مامۆستایانە دەکات؟ ، یان چەند بەشە وانەیان هەیە؟ یان مووچەیان چەندە؟ یان هەندێک کار بە مامۆستا دەکەن ، بەهیچ شێوەیەک کاری مامۆستا نییە، مەخابن لە زۆر قوتابخانەی چاودێریەکی باشی بینای قوتابخانە و بڕوانامەی مامۆستا گرێبەستەکان دەکات ، چۆنیەتی بەڕێوەبردنی یەکەی کارگێڕی ئەم قوتابخانە ناحکومییانە دەکات ، بۆ ئەم قوتابخانانە مامۆستایانی وانەی تایبەت کار و مووچەیان ، بە گوێرەی ئاستی قوتابخانە و بەشە وانە دیاری بکرێت.

هەندێکی تر 150000 هەزاردینارە بەم پێیەش وەک ئەو دەڵێت تەنها حکومییەکان نرخییان چل هەزارە ئەو قوتابییە وتی " وەزارەت هەر بڕیارێک دەربکات تەنها حکومییەکان پابەندی ئەبن و ئەهلییەکان پابەندی نین و لێپێچینەوەشییان لەگەڵ ناکرێت ، لە ناحکومییەکان 250000و 20قوتابی لە پۆلێکدایە و سبلیت و هەموو هۆکارێکی تیایە، بەڵام لە حکومییەکان پۆلی 40تا 80قوتابی تیایە و هۆکاری فێنککەرەوەشی وەک پێویست نییە پڕۆگرامیش تەواو ناکرێت.

خولانە بکات.

مامۆستا هێمن دەربارەی سەرەکیترین خاڵی ڕێنماییەکان ئاماژەی بەوەدا کە سەنتەرو قوتابخانە ئەهلییەکان پابەند نابن بەم بڕیارانە ئەگەر لێژنەیەک بۆ سەرپەرشتیکردنی دانەنرێت ئەو وتی " من پێم وانیە سەنتەر و قوتابخانە ئەهلیەکان پابەندبن بەم بڕیارانە ئەگەر بێت و لێژنەیەکی جدی چاودێریان نەکات و پێ ژمارەیێکی زۆرێش پێویستە دابنرێت لە بەرامبەر هەر سەرپێچیەک، بێگومان ئەگەر ئەم دوو خاڵە جێبەجێبکرێت ئەکید ئەونیش

قوتابخانە ناحکومییەکان و چەند هەڵوەستەیەک

بەداخەوە تا ئێستا وەزارەتی پەروەردە ڕێنماییەکی دەرنەکردووە، کە یەکەی کارگێڕی قوتابخانە ئەهلییەکان چۆن مامەڵە لەگەڵ مامۆستایاندا بکەن؟



کارزان محەمەد عەلی

لە دوای ساڵی (2003) و لە ناوچونی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی ئێراق ، کرانەوەی کوردستان بە ڕووی دەرەوە و ئەو تەوژمە جیهانگیربیەی کە زۆر بەخێرایی ڕووی لە هەرێمی کوردستان کرد ، ئەمە وای کرد زۆر شت بگۆڕێت و بەرە و پێشبچێت. هەروەها کەرتی تایبەتیش لە هەموو ڕوویەکەوە زۆر بەخێرایی گەشەی کردو پەروەردەشی گرتەوە، کە دەبینین چەندین باخچەی منداڵان و قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی و پەیمانگا و چەندەها کۆلێژی ناحکومی لە لایەن سەرمایەدارە بچووک و گەورەکانەوە خرانە کەرتی تایبەتەوە، ڕەنگە ئەمە شتێکی زۆر ئاسایی بێت و لەبەرژەوەندی حکومەتیش بێت ، چونکە ئەو بارگرانییەی لە ئەستۆی بوو لە ڕێگەی کەرتی تایبەتەوە بەشێکی گرنگی لەسەر شانی حکومەت سووک بوو ، هەروەها چەندەها هەلی کاریش بۆ خەڵک فەراهەمدەکرێت.

جا ئەوەی من لێردا مەبەستمە ئەو هەلی کارانەی یان ئەو مامۆستایانەی کە لەم قوتابخانە ناحکومییانە بەشێوەی گرێبەست دادەمەزرێن ، ئەگەرچی وەزارەتی پەروەردە ناحکومی بەهۆی ئەوەی دامەزراندن لە کەرتی گشتی نەماوە ، ئەم هەلەی قۆستووەتەوە بەشێوەیەک کە بە ئارەزووی خۆی گرێبەست لەگەڵ مامۆستا ئەکات ، کە زۆر کەمە بەهیچ شێوەیەک شیاوی باسکردن نین. یان هەر کە سآ تەواوبوو ، کاری بە مامۆستا نامینێت ، ئەوا گرێبەستەکەیان هەڵدەوەشێنێتەوە. یان بەشێوەیەکی تر هاورێیەکی یان خزمێکی داوای دامەزراندن دەکات ، ئەوا ئەرکی مامۆستاکانی تر قورس دەکات و شەڕی پێ دەفرۆشێت بۆ ئەوەی قوتابخانە بەجێبێڵێت و ئەوەی ئەو مەبەستیتی ، ئەوی لە شوێنی ئەوان دابنێت. مووچەی مانگەکانی هاوینیش نادەن ، واتە گرێبەستەکانیان نۆ مانگین. ئەگەر چی هەندێک قوتابخانەی ناحکومی هەیە ، مافی تەواوی مامۆستایانی خۆی دەدات ، لە بەشە وانە و مووچەی دوانزدە مانگ و مۆڵەتی ساڵانە ، بەشێوەی سیستەم ئەمانە ڕێکخراوە. حەق وایە ئەمانە بکرێنە نموونە بۆ قوتابخانە ناحکومییەکانی تر ، بەڵام قوتابخانەی ناحکومی تریش هەیە بە پێچەوانەوە بۆیە پێویستە وەزارەتی پەروەردە ڕێنمایی تایبەت دەربکات لەسەر گرێبەستی مامۆستایانی ناحکومی و ژووریێکی تایبەت بکاتەوە لە وەزارەتی پەروەردە بە گەلەیی و سکاڵاکانی مامۆستایانی گرێبەستی ناحکومی ، بۆ ئەوەی بە هیچ شێوەیەک نەقۆسترێنەوە بە بۆنەی بێ کاری گەنجان ، کاری قورس و مووچەی کەمییان بدەنێ، هەر قوتابخانەیەکیش کە گرێبەست لەگەڵ مامۆستایەکی خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە ، پێویستە ئەو مامۆستایە مافی ئەوەی هەبێت کە بڵێت بۆچی ئەم گرێبەستە هەڵدەوەشێننەوە ؟، واتە بە بڕیاری هەرەمەکی نەبێت. گرنگە لێردا وەزارەتی پەروەردەش ئاگاداری گرێبەستەکانی قوتابخانە ناحکومییەکان بێت و ئەویش قسەی هەبێت. بەپێی ڕێنمایی تایبەت کار و مووچەیان ، بە گوێرەی ئاستی قوتابخانە و بەشە وانە دیاری بکرێت.

شۆڕشی ڕەنگەکانی ئابووری

داوود فەرحان

پێشان، لە سەردەمی ئابلۆقەی ئابووری سەپێنراو بەسەر عێراق لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، پێمان وابوو، نیشتنەوەی فڕۆکەیەکی میسڕی لە فڕۆکەخانەی سەدامی نێودەوڵەتی، کە دەیەها ئەکتەر، ئەدیب و ڕۆژنامەنووسی هەڵگرتبوو، سەرکەوتنی ئاشتییە بەسەر بانگەوازخوازانی جەنگدا.



خانە ئەکتەری میسڕی بەناوبانگ، سوهێر بابلی، لە کاتی ڕەتبوون بە دەروازەی فڕۆکەدا وتی: ئێمە بانگەوازخوازانی ئاشتین نەوەکو بانگەوازخوازانی جەنگ. ئەمڕۆکەش، ڕژێمی ئێران و میلیشیاکانی لە عێراق، سووریا، یەمەن و لوبنان، پێیان وایە، هاویشتنی موشەکی دروستکراو لە ئێران، بۆ فڕۆکەخانەی مەدەنیی و شارە ئارامەکان، لێرە و لەوێ و کەشتیی بازرگانیی لە کەنداوی عەرەبی، بانگەوازی ئێرانە بۆ ئاشتیی! لەکنەوان ئەوە شڕۆڤەکردنی ڕەشە بۆ ئاشتیی. لێرە تۆلستۆی، لە کتێبی جەنگ و ئاشتییدا دەڵێت: جەنگ و ئاشتیی ڕەنگیان هەیە، کە لە نێوان کاڵ و تۆخ دایە، وەکو ئەوەی لە پەلکە زێڕینەدا دەیبینین.ئابووریناسی بەریتانی بەناوبانگ، ئادەم سمیس، بەسەر یەک ڕەنگی ئابووری بانیبووەوە، کە لەوەیاندا نموونەیە، واتە هەر ڕژێمێکی ستەمکار، لە ئاوێنەدا تەنیا خۆی دەبینێت. ئەمڕۆکە دیدی ئابووریناسان بۆ ئابووری گۆڕاوە، ئێستا تەنیا بازاڕێک نییە، بۆ کڕین و فرۆشتن، بەڵکو بووەتە کولتووری بەخشین و وەرگرتن. بۆ نموونە ئەمریکا، دەیەوێت پیشەسازی خۆی لە باجەکانی بیانی بپارێزێت. وڵاتانی دیکەی وەکو چین، ڕووسیا و ئەوروپاش، دەیانەوێت پیشەسازی خۆیان لە باجەکانی ئەمەریکا بپارێزن. چارە چییە؟ چارە لە ڕەنگەکانی پەلکە زێڕینە دایە. بیر لە بەرژەوەندییەکانم بکەوە، بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانت بپارێزم. شتەکە نە هەمووی سپییە و نە هەمووشی ڕەشە. لە وانەی وێنەکێشاندا فێربووین، ڕەنگی ڕەش، وەکو هەموو ڕەنگەکانی دیکە، چەند پلەیەکی هەیە. شتەکە پێویستی بە ڕاڤەکردن و ڕوونکردنەوە نییە، وەکو لە بلاوکراوەی هەواڵەکاندا وا دەکەن. شارەزایان بۆیان دەرکەوتووە، کێشەکانی ئابووری کۆتاییان نایەت، هەندێکیان کێشەی سپین، واتە سروشتین و دەکرێت بەسەریاندا زاڵ بین. هەندێکیشیان خۆڵەمێشین، واتە پێویستیان بەکات هەیە، نە کورت و نە درێژ. بەڵام کارەساتە گەورەکان، کە چارەی ئامادەیان نییە، ئەوانەن کە کۆڵەگانی ئابووری دەخنە بەر ڕەشەباوە، وەکو جەنگەکان، بومەلەرزە، تسونامی، داتەپینی دراو، کەوتنی بۆرسەکان، هەڵکورمانی گشتیی، تەقینەوەی قەرزەکان و بێتوانایی بانکەکان، لە دانەوەی پابەندییەکانیان. شارەزایان ئەو جۆرە بە کارەساتی ڕەش وەسف دەکەن. لە نێو ڕەنگی سپی، خۆڵەمێشی و ڕەشدا، ئەستێرەی بەناوبانگ، عادل ئیمام، لە شانۆگەری (شایەدێک هیچی نەبینی) وێڵ بوو، دوای ئەوەی بە تاوانی کوشتن تۆمەتبار کرا، خۆیشی بە ڕاشکاوی ڕایگەیاند، حەزی لە ڕەنگی خۆڵەمێشی نییە: یان سپی یان ڕەش!لە سالانی کۆتاییدا، شارەزایانی ئابووری و کارساتەکان، چەند ڕەنگێکی دیکەیان دۆزیوەتەوە، کە وەسفەکانی لە پەلکە زێڕینەی جوان وەرگیراوە، ئەو حەوت ڕەنگەی، کە لە دوای باران بارین دەیانبینین. لە ژینواردا شۆڕشی ڕەنگەکانی ئابووری، هێماکانی وردتر و ڕوونترە، لەو دوو ڕەنگەی کە عادل ئیمام پێی باشە. ئابووری ڕەش، مەرج نییە ئابووری کارساتەکان بێت، بەڵکو لە وەسفکردنی تازەدا، ئابووریيەکە لە ژێر زەویدا. ئەویش گەندەڵی دارایی، دزین، فرۆشتنی ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ، بازرگانیی ماددەهۆشبەرەکان و کۆیلەی سپی، چەک، ڕفاندنی منداڵ، تاوانی بە پلان و بەکرێگیراوانی تیرۆرکردن دەگرێتەوە. بە پێچەوانەی تاوانەکانی ئابووری ڕەشدا، ئابووری سپی، ئەوانەیە کە لەسەر تەکنەلۆجیای زانیارییەکان، پەیوەندیکردنی ئەلیکترۆنی تازە، ئەپەکان، بەتایبەتی لە بواردکانی پێنوێنی، بۆرسە، کاغەزی دارایی بەڕپا بووە. ئابووری سەوز، ڕەنگی خۆی لە ژینگەی زەوی وەرگرتووە، پشت بە سەرچاوەکانی سروشت دەبەستێت، بەتایبەتی کشتوکاڵ، بە بەرهەمهێنان و بەکاربردنی. لەوکاتەی ئابووری قاوەیی، ڕەنگی خۆی لە چاودانە سەر ئەو پیشەسازییانە وەرگرتووە، کە بە چەپەڵ وەسف دەکرێن، ئەوانیش بریتین لەو شتانەی کە زیان بە ژینگە دەگەێنن، وەکو ژەهرەکان، بڕینەوەی دارستانەکان، پیسکردنی خاک، ئاوی ڕۆیشتوو و هەوا، وەکو پیشەسازییەکانی خەڵوزی بەردین، پاشماوەی ئەگزۆزی ئۆتۆمبێلەکان، پیشەسازی ئاسن، چیمەنتۆ و سیکرابەکان. دەگەینە ڕەنگی شین، ئەویش دوو ڕاڤەی هەیە، کۆنەکان وا وەسفی دەکەن، ئابووریيەکە پشت بە ڕیسایکلینی خاشاک، بەرهەمهێنانی کارەبا، پاککردنەوەی ئاو، بە پیشەسازیکردنەوەی کانزاکان دەبەستێت. بەڵام مانای تازەی ئەو ڕەنگە، ڕاستتر و وردتترە، ئەویش پشت بە ئابووری دەریا و ڕووبارەکان، لە سامانەکانی نەوت، غاز، ماسی، قۆرخکردنی کەنارەکان، گواستنەوەی دەریایی، گەشتوگوزاری دوورگەکان، لەگەڵ سامانی جەمسەرەکانی باکوور و باشوور دەبەستێت. هەرچی ڕەنگ سوورە (هیچ پەیوەندی بە هیلالی سوور)وە نییە، بەڵام تایبەتە بە ئابووری کۆمۆنیستی سۆشیالیستی ناوەندی، کە حکوومەت دەستەت بەسەر هۆکارەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردن لە تورشییەوە تاکو لیفکە دەگرێت! بەڵام ڕەنگی خۆڵەمێشی، کە عادل ئیمام حەزی پێ ناکات، ئاماژە بە ئابووری نا فەرمی دەکات، مەرجیش نییە ناڕەوا بێت، بەڵام لە دەرەوەی یاسا باجەکان و کارکردن کار دەکات، دیارترین و سادەترین نموونەی ئەمەش، فرۆشیارە گەڕۆکەکان، دوکانی نێو ماڵەکانە، لەو حاڵەتەشدا، ئاستی سەرمایەکان ڕاستەوخۆ جیاوازە. ڕەنگی هەشتەم و کۆتایی، ڕەنگی وەنەوشەییە، ئەوەش ڕەنگێکی زیادکراوە بۆ ئابووری جیهان، مەبەستیشی لایەنی کولتووری ئابووریيە، لەگەڵ خۆگونجان لەگەڵ هەمەجۆری مرۆیی لە چوارچێوەی جیهانگەری کولتووریدا. بە واتایەکی دیکەدا، نرخ بۆ هەموو کاڵا و خزمەتگوزارییەکان دادەنێت، بێ گوێدان بە کەرتەکەی و بە پشت بەستن بە ڕەهەندە کولتووریيەکەی، واتە لە ئابووری کولتوور، هونەرەکان، گەشتوگوزار، کات بەسەربردن، کە چاو دەخاتە سەر دابەشکردنی کەرتەکان جیاوازە. لەوانەیە فەرەنسا، لە دواوەی داهێنانی ئەو ڕەنگە ئابووریيە بێت، کە لەگەڵ مۆرکی کولتووری و هونەری فەرەنسی کلاسیکی خۆی دەگونجێنێت، بۆیە لەو ڕێکخراوانەی لەو جۆرە ڕەنگە چالاکن، یۆنیسکۆ، یونیسێف، ڕێکخراوی گەشەپێدان و هاریکاری ئابووری، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی فرانکفۆنی، هەندێ وەزارەتی فەرەنسی پەیوەندیدار و ڕێکخراوەکانی مەدەنین. یەکێتی ئەورووپا و پەرلەمانی ئەورووپا، پشتیوانی و باربووی تایبەت بەو ڕەنگەیان پێشکەشکرد، کە بە مۆلکایەتییەکی جیهانی هاوبەش دادەنرێت.زێدەباری ئەو شتانەی باسمان کرد، سەدەی بیست و یەک، خەریکە گۆڕانکاری بنەڕەتی بەخۆوە دەبینێت، کە پشت بە (ئابووری زانین) دەبەستێت، واتە کۆمەڵگەکانی داهاتوو، بایەخ بە سەرمایەی ئادەمی دەدەن، نەوەکو گەڕانەوە بۆ پێشەنگی هزری کۆمۆنیستی، کارل مارکس، بەڵام بە پشت بەستن بەزانینی هونەری، داهێنان، زیرەکی، زانیارییەکان و بەرنامەکانی (فێربوون بە درێژایی تەمەن) لە لانکەوە و بۆ گۆڕ.



و: ڕەمزی میرەکانی
سەرچاوە:
www.aawsat.com

ئەمڕۆ لە مێژوودا



ساڵی :1944
بە تۆمەتی پلاندانان بۆ تیرۆرکردنی ئادۆلف هیتلەر ، کلاوس شتاوفنبێرگ لە سێدارە درا .



ساڵی 1980:
لە پاریس، دەزگای هەواڵگری سووریا سەلاح بەیتاری سەرۆکوەزیرانی پێشووتری سووریا تیرۆر کرا .



ساڵی 1994:
تۆنی بلێر بۆ پۆستی سەرۆکایەتی پارتی کرێکارانی بەریتانیا هەڵبژێردرا .



ساڵی 2008:
ڕادۆڤان کارادیچی سەرۆکی سربەکانی بۆسنە بە تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی دەستگیر کرا .



ساڵی 2013:
لە ڕۆژی نیشتمانی بەلژیکا ،پادشای وڵات دەستبەرداری عەرشی وڵات بوو بۆ کوڕەکەی.



ساڵی 2017:
لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هیند ، ڕام ناس کوڤیند بە ڕێژەی 65.6%ی دەنگ سەرکەوتنی وەدەست هێنا .

www.xebat.net
یەک شەممە2019/7/21 ژمارە (5793)

دیدێکی ئابووریانە

ئابووری رووسیا ..

مەترسیەکانی دوای تەواوبوونی ویلایەتی پوتن



ئا : هەندرێن شێرزاد

ئاژانسی مودیز کە دەزگایەکی نێودەوڵەتیە و تایبەتە بە ئامادەکردنی توێژینەوە ئابووری و شرۆڤە داراییەکان و هەڵسەنگاندنی داموەزگا حکوومی و تایبەتەکان راپۆرتێکی بەرفراوانی دەربارەی ئابووری رووسیا و مەترسیەکان ئامادە کردووە و تیایدا باس لەو ئاستەنگ و مەترسیانە دەکات کە لەوانەیە دوای تەواوبوونی دوایین ویلایەتی ڤلادیمێر پوتن لە ساڵی 2024رووبەڕووی ئابووری ئەم وڵاتە ببنەوە .

یەکەم : مەترسیە ناوخۆییەکان: ئاڵۆگۆڕی دەسەڵات

سەبارەت بەو مەترسیە ناوخۆییانەی کە دوور نیە رووبەڕووی رووسیا ببنەوە ، ئامادەکارانی ئەم راپۆرتە باس لە دەرەنجامەکانی سەرهەڵدانی هەر جۆرە ناسەقامگیریەک لە بارودۆخی ئابووری رووسیا دەکەن و پێیان وایە ساڵی 2024مەرج نیە پوتن بە یەکجاری گۆڕەپانی سیاسی بەجێ بێڵێ ، هاوکات هۆشداری دەدەن لەوەی ئەگەر پرۆسەی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بەشێوازێکی گونجاو بەڕێوە نەچێ ، ئەو کاتە رووسیا دووچاری کێشەیەکی ناوخۆی سیاسی دەبێتەوە ، ئەوەش ناشێرنەوە کە مانەوەی پوتن بۆ زیاتر لە بیست ساڵ لە دەسەڵات وا دەکات کە پرۆسەی گواستنەوەی دەسەڵات بۆ سەرکردایەتیەکی سیاسی نوێ وا ئاسان نەبێ . ئەگەرچیش راپرسیەکان دەریدەخەن کە زۆربەی رووسەکان پشتگیری لە پوتن دەکەن نەوەک لە سیستمی سیاسی بەشێوەیەکی گشتی .

ئابووری و دەسەڵاتی دەوڵەت

راپۆرتەکە هەڵوەستە لەسەر بابەتێکی دیکەی گرنگ دەکات ئەویش سەپاندنی هەژموونە بەسەر رووبەرێکی بەرفراوانی ئابووری لەلایەن دەوڵەتی رووسیا و ئامادەکارانی راپۆرتەکە پێیان وایە کە قۆرخکردنی کەرتی گشتی دەبێتە هۆی دروستکردنی بەربەست لەبەردەم سەرمایەگوزاریی و گەشەکردنی بەرهەم و لاوازبوونی مافەکانی مولکداری و لاوازکردنی دەسەڵاتی یاسا . بە گوێرەی زانیاریەکانی ئەم دەزگایە ، حکوومەتی رووسیا کۆنترۆڵی نزیکەی 40تا % 50ی ئابووری وڵاتی بەدەستەوەیە .

دیمۆگرافیا

بارودۆخی دیمۆگرافی ، مەترسیەکی ناوخۆیی دیکەیە کە رووبەڕووی ئابووری رووسیا دەبێتەوە ، چونکە لە هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە تا دوای تێپەڕبوونی دەیەی یەکەمی سەدەی تازەش، رووسیا دووچاری دابەزینێکی توند بووەوە لە ژمارەی لەدایکبووان ، بەمەش ژمارەی دەستی کار کەمی کرد ، راپۆرتەکەی مودیز ئەمە دەخاتە پێشەوەی مەترسیەکان و بە هۆکارێک بۆ سستکردنی ئەگەرەکانی گەشەکردنی ئابووری دەیزانێ . لە لایەکی دیکە پێشبینی کردووە کە ناسەقامگیریی ئابووری لە وڵاتانی دەورووبەر و بەرپابوونی تووندوتیژیی دەبێتە هۆی هەڵڕژانی پەنابەری زیاتر بۆ رووسیا و ئەوان دەبنە فاکتەرێک بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی دەستی کار .

دووەم : مەترسیە دەرەکیەکان : دووركەوتنەوەی خاوەن سەرمایەکان

بە گوێرەی لێکدانەوەی شارەزایانی دەزگای مودیز ، دووركەوتنەوەی خاوەن سەرمایەکان لە سەرووی مەترسیە دەرەکیەکان دێ کە رووبەڕووی ئابووری رووسیا دەبنەوە . بە گوێرەی زانیاریەکان ، لە ساڵی 2018جارێکی دیکە ئاستی دووركەوتنەوەی خاوەن سەرمایەکان لە رووسیا رووی لە بەرزبوونەوە کردۆتەوە ، ئەوان لە ترسی ئەگەری سەرهەڵدانی کێشە ، کار بۆ دوورخستنەوەی سەرمایەکانیان دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێیان وایە ئاستەمە ئەم دیاردەیە بگاتە ئەو ئاستەی کە لە ساڵی 2014رووبدا .

سزاکانی ئەمەریکا

شارەزایانی دەزگای مودیز ، سزاکانی ئەمەریکا بە مەترسی دەرەکی دووەم ناو دەبەن بۆ سەر ئابووری رووسیا و دەڵێن : ئەمەریکا بە نیازە سزا بەسەر ژمارەیەک کەسایەتی نزیک لە کرێملین و کۆمپانیاکانیان و ژێرخان و کۆمپانیا بەشدارەکان لە راکێشانی بۆرپەکانی غاز (باکوور 2 (دا بسەپێنێ ، بەڵام کاریگەریی ئەم سزایانە درێژخایەن نابێ .



پێناسەی وڵاتان



ئەنگۆلا

ناوی فەرمی : کۆماری ئەنگۆلا .
کیشوەر : ئەفریقیا .
پێگەی جوگرافی : لە باکوور کۆنگۆ و لە رۆژهەڵات زامبیا و لە رۆژئاوا ئۆقیانووسی ئەتڵەنتی و لە باشوور نامیبیا هەن .
دەسەڵات : دیمۆکراسی کۆماری .
پایتەخت : لواندا .
رووبەر : 1.246.700کیلۆمەتر دووجا .
ژمارەی دانیشتووان : 10.864.512 کەس .
گرنگترین شار : هومبو، لویانگو ، لواندا .
ئاین : 47%کاسۆلیکی رۆم ، 38% پرۆتستانت ، 15%ئاینی خۆجێیی .
دراو: کوانزا .
زمان : بانتو ، پورتوگالی کە زمانی فەرمی وڵاتە .
رێکەوتی ئەندامێتی لە نەتەوە یەکگرتووەکان : 1-2-1976.

مانشێت



سکای نیوز:
وەزیری دەرەوەی بەریتانیا هۆشداری دایە ئێران لەوەی ئەگەر کەشتیە نەوتهەڵگرەکەی وڵاتەکەی ئازاد نەکات ، دەبێ چاوەڕێی دەرەنجامی توند بێ .



رۆژنامەی ئەلحەیات:
لە نزیک زانکۆیەکی کابولی پایتەختی ئەفغانستان بۆمبێک تەقیەوە و 8کەس بوونە قوربانی .



رۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
بە مەبەستی دادگاییکردن ،هێزەکانی سووریای دیموکرات داعشێکی ئەمەریکیان رادەستی پەنتاگۆن کرد .



دۆیچە ڤیلە:
لە شاری کۆلن لە رۆژئاوای ئەڵمانیا و بە مەبەستی دەستگیرکردنی ژمارەیەک کەسی تووندڕەو ، پۆلیسی ئەو وڵاتە دەستی بە ئەنجامدانی هەڵمەتێکی بەرفراوان کرد .



ئەی ئێف پی:
سعودیە رایگەیاند کە بە نیازە پێشوازی لە چەند هێزێکی سەربازی ئەمەریکی بکات .



کەنالی ئار تی :
لە کەرتی خنانی ناوەڕاستی چین و لە ئەنجامی تەقینەوەی کارگەیەکی بەرهەمهێنانی غاز ، 10کەس کوژران و 19 ی دیکەش بریندار بوون .

یادەوەری 54 ساڵەی داستانی زەمبوور..

لاپەڕەیەکی گەش لە میژووی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا

1965/7/21



تەها دەروێش نادر – هۆڵەندا

کە باس لە میژووی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول دەکرێت، شۆڕشی بەرگری و کوردایەتی، دەبێت دەستپێک سەرنجی راستەوخۆ بخرێتە سەر رابەری نەتەوەیی و تاکە کاریزمای نەتەوەی کورد، مستەفا بارزانیی نەمر و پارتی دیموکراتی کوردستان. بارزانیی نەمر خاوەنی نیو سەدە لە خەباتی بێتوچان بوو لە میژووی خوێناوی نەتەوەکەماندا.



لە ماوەی 14ساڵی تەمەنی ئەم شۆڕشە مەزنەدا، بە رابەرایەتی بارزانی و پارتی، خاوەنی زیاتر لە حەفتا هەزار شەهیدی سەربەرزی نیشتمانە، رووتنر بڵێم پێگەی بەرچاوی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەییماندا هەیە.

ئەمڕۆ 1965/7/21 پەنجاو چوار ساڵ بەسەر یەکێک لە داستانە میژوییەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول تێپەڕدەبێت، بە ڕابەرایەتی بارزانیی نەمر، کە لێدانی بۆڕیبە نەوتەکانی زەمبووەر، هەمووان دەزانین ئەوەی ئەمڕۆ لە کەرکووک و ناوچە داگیرکراوەکان دەگوزەرێت، لە سەردەمی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولیشدا و پێش 54 ساڵ لەمەوبەر بوونی هەبووە، بە مەبەستی سڕینەوەی کوردستانیەتی کەرکووک و ناوچەکانی لەلایەن رژێمە یەک لە دوایەکەکانەوە بە ئەمڕۆشەوە لە دوای 16ی ئۆکتۆبەری 2017 دریژەی هەیە، بۆیە رابەری نەتەوەییمان بارزانیی نەمر و پارتە تێکۆشەرەکەی، هەڵسەنگاندنی بۆ کردووە، سەرەتا ڕێگری لە گۆڕینی جوگرافیای ناوچەکە کرتووە، دواتر بە هەڵەدردانی سامانی سرووشتیی کوردستان بە کڕینی چەک و تەقەمەنی سەربازی بۆ لێدانی شۆڕشی سەرتاسەری کوردستان خەرج دەکرا، بارزانیی نەمر هێندە داکۆکیکار بوو لەسەر کەرکووک، بە (دڵی کوردستان)ی وەسفی کردووە، بۆیە بڕیای لە کردەیەکی پڕ فیداکاری داوە کە ئەویش لێدانی بۆڕیبە نەوتەکان و ڕووخانی پردی سلێمان بەگ بوو کە سکەی شەمەندەفەری پیا تێدەپەڕی و زۆرێک لە سەرباز و کەلوپەل و چەک و تەقەمەنی لە ڕێی شەمەندەفەرەوە دەگوازرایەوە بۆ کەرکووک و دواتر بۆ تەواوی ناوچەکانی کوردستان.

بۆ ئەم نەبەردییە بارزانیی نەمر، بانگی کاکی شەهیدم محەمەد دەرۆێش نادری کرد بۆ ئەنجامدانی ئەم گیانبازییە، کە دۆستێکی نزیکی بارزانیی نەمر و متمانەپێکراوی سەرکردایەتی و دۆستی سەرۆک مەسعود بارزانی و خوالێخۆشبێت ئیدریس بارزانی بوو، ئەویش مەفرەزەیەکی لە کۆمەڵێک پێشمەرگەی دلێر و خۆنەویست پێکهێنا، بۆیە بارزانیی نەمر فەرمووی چەک و تەقەمەنی و پێداویستیان بۆ ئامادە بکەن، شەهید محەمەد نادر و هەڤاڵەکانی پێداویستییەکانیان وەردەگرن و لە بارەگای بارزانییەوە واتە گەلاڵە و بەناو دڵی دۆڕمندا بەڕێکەوتن، گەرچی ئەوکات ماشینی پێویست نەبوو بۆ گواستنەوەیان، لە گەلاڵەوە بۆ گەرمیان و دواتر شۆنی مەبەست، چونکە مەفرەزەکە باریان قورس بوو، وای دەخواست بە ولاخ (تی ئێن تییەکان) و چەک و تفاقی ئەو کردە سەربازییە بگوێزنەوە، هەروەک کاکم بۆی گێڕاینەوە گوتی لە دوای چەند ڕۆژێک گەیشتینە گەرمیان و دواتر چاوساغێکیان لەگەڵ خۆیان بردووە تا ئاسانکاری ڕێگایان لێدانی بۆڕیبە نەوتەکان و ڕووخانی پردی سلێمان بەگ بکەم کە کاکی شەهیدم شارەزایەکی باشی هەبوو لە بواری دانانی مین و کەرەستەی تەقاندنەوە، زۆر بە چاکی دوای ماندووبونێکی زۆر گەیشتینە شوێنی مەبەست، لە دوای خۆحەشاردانیان شەو بە تاریکی دینامیتەکانیان لە بۆڕیبە نەوتەکانی چاڵە نەوتەکانی زەمبوور بەست و دواتر(پردی سلێمان بەگ) یشیان مینڕێژ کرد، هەردووکیان بە سەرکەوتوویی ئەنجامدرا و دواتر کە ڕۆژ بووەوە تەیارە هەتا سەریان لە پێدەشتەکانی گەرمیاندا فرسەتی نەدان، بەداخەوە ولاخ و چاوساغەکە بوونە مەبەستی تەیارەکە و بەر ناپاڵم کەوتن، زۆر نیگەران بوون بە شەهیدبوونی ئەو هەڤاڵەیان و دواتر بە سەرکەوتوویی گەڕانەوە بارەگای بارزانی و لە دڵسۆزیی و گیانفیدایان بارزانییی نەمر خەڵاتی کردن بە سێ برنەوە و دەمانچەیەک، ڕەنگە لەم یادە پڕ شکۆیەدا دەرفەت نەبێت تەواوی داستانەکە باس بکەم دەتوانن لە ڕێگای ئەو پەرتووکەی کە ساسانی کوڕی شەهید محەمەدی برام نووسیویەتی تەواوی زانیاری ڕووداوەکەی لە خۆگرتووە بە ناوی (سیمای شەهید محەمەد دەرۆێش نادر لە ئاگری زەمبووردا) کە پێشەکی پەرتووکەکە بە گوتەیەکی سەرۆک مەسعود بارزانی دەستپێدەکات بۆ ڕێزگرتن لە خەبات و تێکۆشانی شەهید و داستانەکە کە لە ساڵی 1995 لە دهۆک چاپ و بڵاوکراوەتەوە، هەروەها سەرۆک مەسعود بارزانی لە پەرتووکە میژوویییەکەی خۆیدا بە زمانی شیرینی کوردی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلوول1961-1975 لە لاپەڕەی 198 زۆر جوان وەسفی ئەم داستانەی زەمبووری کردووە بە چەند خاڵێک و ئاماژەی بەناوی شەهیدی کاکم کردووە، شەهید محەمەد دەرۆێش نادر، لەگەڵ ئەمانەشدا هونەرمەندی پایەبەرزی کورد، جەمال بەختیار تابلۆی (بەرەو ئازادی بۆ کوردستان) لە بیرۆکەی ئەم داستانەی نەخشاندووە لە ساڵی 1976 لە ئەمەریکا و پێشکەشیکردووە، لە کۆتاییدا دەڵێم شۆڕشی مەزنی ئەیلوول زۆری بەخشی بە کورد و کوردستان، لە دوای ئەم سەرکەوتنەی پێشمەرگە بۆ کورد و پارتی و سەرۆک بارزانی و دەنگدانەوەی لە میدیاکانی جیهانی و گەیاندنی دەنگ و سەدای شۆڕش بە گوێی ئەوانەی بۆ بەرژەوەندی خۆیان و نەوت لە ئاست میللەتانی ئازادیخواز لاڵ و کەپبوون بە هەمیشەیی گڵۆپی سەوزیان بۆ داگیرکاران هەڵکردبوو بە پێدانیان بە چەک و تفاقی سەربازی بکەونە وێزەی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد و لە ڕێگای خۆفرۆش و نۆکەرەکانیان لە کوردستانیش پیلانە گلاوەکانیان جێبەجێبەکەن، فەرماندەی ئەم داستانەیان تیرۆر و شەهیدکرد لە بەر خانەقای شاری سلێمانی لە 1969/4/26 دڵە مەزنەکەی لە لێدان خرا کە پڕ بوو لە خۆشەویستی بۆ کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ، بەداخەوە دەڵێم لە دوای 54 ساڵ تێپەڕبوون بەسەر ئەم دستانە و قارەمانیەتی پێشمەرگەکانی، هێشتا ڕووناکی زیاتر نەخراوەتە سەری، دەنا دەبوایە ئێستا ببوایەتە هەوێنی نووسین و بەرهەمی دەیان نووسەر و فیلمساز و دەرهێنەر کە ڕووێکی گەشی باوکی کورد بارزانیی نەمر و پارتی دیموکراتی کوردستان دەسەلێنێت بۆ داکۆکیکردن لە شوونەسی کەرکووک بوون بە کوردستان کە ئەوەش تەنها ئەرکی ئێمەی بنەماڵە نییە، بەڵکو پارتی دیموکراتی کوردستان و خەڵکی کوردستان مۆڵکییەتی کە هەستن بەو کارە پیرۆزە بۆ ڕێزگرتن لە ناوی شەهید و پێشمەرگە و زیندووڕاگرتنی سەروەریەکانمان و ئەم داستانەش هیچی کەمتر نییە لەو ئەفسانانەی کراونەتە ڕۆمان و فیلم کە ڕووی گەشی نەتەوەییان نیشان دەدات.

چاپکراوی نوێ



سیستەمە سیاسییەکان

کتێبی (سیستەمە سیاسییەکان) بە قەبارەیەکی مام ناوەندی و 176لاپەڕەیی لە نووسینی مافپەروەر جەواد مستەفا ستوپەیی کەوتە بەردیدی خوێنەران،کتێبەکە لە چەند بەند و بەشێک پێکهاتووە، شایانی باسە ئەم کتێبە لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری دیراسات و توێژینەوە و ئەکادیمیای پارتی دیموکراتی کوردستانە. دەست خۆشی لە نووسەر دەکەین و خەرمان بەرەکەت.





لەماوەی رابردوو دوو کتێبی قەبارە مام ناوەندی نووسەر (فەرمان هیدایەت) لەژێرناوەکانی (سایکلۆژی خۆشەویستی) و (نهێنی سایکلۆژیای زمانی جەستەو بەهێز کردنی کەسێتی) لەدووتوێی بەرگی قەشەنگ و (115) لاپەڕە کەوتە بەردیدی خوێنەران،نووسەر لەبارەی ئەم دووکتێبەی بەخەباتی گوت: پێش وازیەکی باش لەکتێبەکانم کراو لەماوەی دوو مانگ(1500) دانە تەنها لەکەرکوک دا فرۆشراوە،سایکۆلۆژیای زمانی جەستە ئەم توێژینەوانە نوێیانە لەسەر زمانی جەستە و سایکۆلۆژیای عیشق، بۆئەونە ئێمە زۆرتر هۆنراوە وداستانمان لەسەرعیشق هەیە ،کەمتر توێژینەوە کراوە لەسەری،خۆم هەوڵمداوە ئەوبۆشاییە گەورەیە پڕبکەمەوە وتوێژینەوەیەکی زانستیە لەسەرعیشق. لەسەرسایکۆلۆژیای زمانی جەستە و بناغەنانی کەسێتی بەهێز نزیکی (100) وانە و سمینارم پێشکەش کردووە لەشاری کەرکوک.



زمانی بانّدەم دەزانی

"زمانی بانّدەم دەزانی" ، بەرهەمێکی نوێی شیعری شاعیر و ڕۆژنامەنووس کەژاڵ ئەحمەدە لە ٤٠ دەقی نوێ پێکهاتووە . کەژاڵ ئەحمەد ناوێکی دیاری بواری ڕۆژنامەنووسی و ئەدەبییە، کۆمەڵێک لە بەرهەمەکانی بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی و نەرویجی و بەشێوە زاری کرمانجی باکور چاپکراوان و ئەم کتێبەش حەوتەم دیوانە شیعری چاپکراوێتی کە لە چاپخانەی کارۆ چاپێکی جوان و ناوازە کراوە و لە ڕۆژانی داهاتوودا لە کتێبخانەکانی شارو شارۆچکەکاندا بڵاودەبێتەوە.

کەسانی هەڵچوو لە مەترسی تووشبوون بە بیرچوونەوەدان



لە ڕاپۆرتێکی مالپەری فیس گاید هاتووە ، کە ئەنجامی توێژینەوەکان پیشانی داوە، کە گوشارە دەروونییەکان و هەڵچوون و تورە بوون لە تەمەنی گەنجی دەتوانێت ببێتە هۆی نەخۆشی بیرچوونەوە لە تەمەنی بەسالاچووندا . لەو توێژینەوەیەدا دوای لێکۆڵینەوە لە سەر ئەو کەسە گەنجانەی، کە تووشی هەڵچوون و تورەبوون ببوونەوە دەرکەوت کە لە سالانی ئایندەدا تووشی کێشەی بیرچوونەوە ببوونەوە .هەروەها ئەنجامی توێژینەوەکان پیشانی داوە کە ئەو کەسانەی تورەن و زوو هەڵدەچن لە ئایندەدا تووشی نەخۆشی فەرامۆشی دەبنەوە . لەو بارەیەوە دکتۆر " جیم لنۆر" لە ئاکادیمایی نۆرۆلۆژی گووتی : تایبەتمەندی هەر مرۆڤێک جیاوازە بۆیە، تووڕەبوون و هەڵچوون و فشارە دەروونییەکان پیری ناواده و ناتوانیی میشکی لێدەکەوێتەوە .ئەو توێژینەوەیە کە لە سەر 3 هەزار و 126 کەس ئەنجامدا ، تاتوێی هەڵسوکەوت پر هەست و سۆزی ئەو کەسانە کە تەمەنییان لە ژێر 25ساڵ بوون لە سەر ئیستریس، بیروهۆش ، توانایی بیرکردنەوە ، ئاستی فشاری خوێنە جیاوازەکان کرا.ئەنجامەکان پیشانی دا کە بیری تووندوتیژی و هەڵچوون کاریگەری ڕاستەوخۆیی هەیە بۆ کەمکردنەوەی ئاستی توانایی بیروهۆش لە تاکەکاندا.

سوودەکانی ڕۆنی گوێز هیند بۆ دابەزاندنی کێشی لەش و فشاری خوێن



لە بابەتێکی زانستی مالپەری تایم ئاف ئیندیا هاتووە کە ،ئەنجامی توێژینەوەیەکی زانایانی بەرازیلی پیشانی داوە کە خواردنی ڕۆژانەی گوێز هیند دەبێتە هۆی دابەزاندنی کێشی لەش و فشاری خوێن . بە ووتەی توێژەران ئەنجامدانی ڕاهێنانی وەرزشی و هاوکات خواردنی گوێز هیند دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی هەستیاری بارور فلێکس و گوشاری ئۆکسایشی کە میکانیزمی هاتوچۆیی خوێنە تا لێدانی دڵ ڕێک بخات .ڕۆنی گوێز هیند لە چەندین ترشی چەور و تایبەتمەندی دژە میکرۆبی پێکهاتووە کە لە ڕێزبەندی کەسانی پر خۆراکدان. پسپۆرانی خۆراک هۆشداریان دا کە ڕۆنی گوێز هیند لە نێو بەرنامەی خۆراکی ڕۆژانە چەند تایبەتمەندی و سوودێکی هەریە کە بریتین : بەهێزکردنی کۆئەندامی بەرگری لەش ، یارمەتی سەلامەتی دڵ و ڕێگەی لە تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ دەگرێت ،ڕێگە لە نەخۆشی بیرچوونەوە و خەڵەفان دەگرێت ، دەبێتە هۆی سووتاندنی چەوری زیادەی لەش. هەروەها دەبێتە هۆی جوانبوونی پێشت و گەشەکردنی قژ.

قاوە هاوکاری پڕۆسەی هەرسکردنی خۆراک دەکات



ئەنجامی توێژینەوەیەکی نوێی زانستی پیشانی داوە کە قاوە هاوکاری پاراستنی جولەی ریخۆڵەکان دەکات وهۆکارە بۆ هەرسکردن چونکە دەبێتە هۆی ڕێگری کردن لە گەشەکردنی بەکتریاکان و جولەی ماسوڵکەکان زیاتر دەکات . توێژەرانی زانکۆی تیکساس لە توێژینەوەیەکدا لە سەر گۆرانکاری بەکتریاکان لەو کاتەی کە مشکەکان لە ژێر کاریگەری قاوە دان تاوتوێکرد و ماددەی پاشەڕۆیی ئەو مشکانەیان لە ماوەی سێ ڕۆژدا تاقیکردنەوە .ئەوان بۆیان دەرکەوت کە گەشەکردنی بەکتریاکان و باقی میکرۆبەکانی تر لە نێو پاشەڕۆیی یان دوای خواردنەوەی قاوە بە ڕێژەی یەک 1.5%لەسەدا لە گەشەکردن ڕاوەستابوو ، هەروەها دەرکەوت کە دوای سێ ڕۆژ لە خواردنەوەی قاوە ، توانایی ماسوڵکە بچووکەکانی ریخۆڵە و هەروەها کارایی ریخۆڵەی گەورە زیاتر ببوو.

تۆپی پێی ئیسپانیا لێکۆڵینەوە لە گرێبەستەکەی گریزمان دەکات



دەزگا راگەیاندنەکانی ئیسپانیا بڵاویان کردەوە کە یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانی دۆسیەکی لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بەرشلۆنە و گریزمان کردۆتەوە، ئەویش دوای ئەوەی یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید سکاڵایەکی لەسەر ئەمانە تۆمارکردووە کە گوایە بەرشلۆنە لەدەرەوەی ماوەی یاسایی گفتوگۆی لەگەڵ گریزمان کردووە.

بەپێی ئەو سکاڵایە، یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید داوای لە بەرشلۆنە کردووە 80ملیۆن یورۆ بدات جیالەوەی 120 ملیۆنی داوە بۆ تەواوکردنی مەرجە سەرەکییەکانی ئەو گرێبەستەی گریزمان، کە بە 200ملیۆن یورۆ مەزەندە دەکرێت.

بۆ یەکەمین جار لە سەر ئاستی کوردستان و عێراق
130 شەترەنجزان بەشداری پاڵەوانێتییەکی یانەی خانزاد دەکەن



هاوار مورتکەیی

ئیوارەی رۆژی پینج شەممە ١٨/٧/٢٠١٩ بە ئامادەبوونی ئومێد خۆشناو سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان و د. دلزار حەمەسالح سەرۆکی یانەی شەترەنجی خانزاد و پشتیوان ئەحمەد سەرۆکی فەخری یانەی خانزاد و ئازاد سابیر سەرۆکی یەکێتی شەترەنجی کوردستان و نەوزاد سابیر لە سکرتاریەتی لاون، 14ەهەمین پاڵەوانێتی شەترەنجی راپیدی خانزاد بەڕێوەچوو، کە وەک ریزلێنانێک لە خواليخۆشبوو کەمال جەلالەدین، ئەم پاڵەوانێتییە بەناوی ئەوەوە ناوزەد کرا.

سەرەتای پاڵەوانێتییەکەش بە یەکەم جولەی داشەکان لەلایەن سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان دەستی پێکرد و سەرمەد بەروارى ناوبژیوانی نێودەوڵەتی دەستپێکی پاڵەوانێتییەکەی راگەیاند.

لەم پاڵەوانێتییەدا 130 شەترەنجزان بەشداربیان تێدا کرد کە بریتی بوون لە شەترەنجزانانی باشور و رۆژهەلات و رۆژئاوای کوردستان و عێراق و سوریا و میسر و ئێران، کە ئەمەش یەکەمجارە لە ئاستی کوردستان و عێراقیش ژمارەیەکی زۆری شەترەنجزان بەشداری لە پاڵەوانێتییەکدا بکەن، رۆژی هەینیش دوا راوندی پاڵەوانێتیەکە بەڕێوەچوو و کۆتایی بەم پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتییە هات، ئەمەی خوارەوەش ئەنجامی کۆتایی بەشداربووەکانە:

×پێشکەواتووان:

1- سەرکەوت محەمەد
2- دیدار زاهیر
3-نەمیر ئیسماعیل
4-نەبیل عەزیز
5- عەبدوڵلا لەیس
6-فەخرەدین محەمەد

×ئاستی کچانی:

1-کارین کەمال
2-شەنگ مسعود
3-نڤار سەردار
4-هیڤی هیوا
5- ڤین کەمال
6- دلین کەمال

×خوار 20ساڵ:

1- رابەر بەختیار
2- هانا هاوار

خوار 18ساڵ:

1-ئیبراهیم عدنان
2- عەلی عەدنان

×خوار 16ساڵ:

1-حوسێن وەحدانی
2- مستەفا کەمال
3-هیشام نەمیر

×خوار 14ساڵ:

1- پۆڵا ئازاد
2-هەکار دلزار
3- ژیار دلزار
-4عومەر عەبدولسەلام

×خوار 12ساڵ:

1-یەشار دیدار
2- سیپان حوسێن
3- رۆژ سەمیر
4-پەروا پشتیوان

×خوار 10ساڵ:

1- عەبدوڵلا عەمار
2-شادی فوئاد
3- دانیار دلزار
4- هیڤەر دیار

×خوار 8ساڵ:

1- پێشەوا پشتیوان
2- لارا سەمیر
3- ئەیمەن عیماد
4-لاوین محەمەد

کچانی هەولێر بوونە پاڵەوانی تۆپی دەستی یانەکانی عێراق



ئا: سەرهەنگ ئەجمەدین
فۆتۆ: ئەردەلان هەولێری

لەناوەراستی مانگی دووی ئەمساڵ لەشاری بەغدا بەبەشداری 8 یانە پاڵەوانیەتی تۆپی دەستی یانەکانی عێراق دەستپێکرد، لەپاڵەوانیەتیەکەدا هەر یانەیەک پێویست بوو 7یاری ئەنجام بدات، یانەکانی کوردستان 4یارییان لەشاری بەغدا ئەنجام دا، 3یاریش لەشاری هەولێر لەقۆناخی کۆتایی ئەنجام دا، هەر یەک لەیانەکانی هەولێر و ئافرۆدێت و قەڵا گەیشتنە قۆناخەکانی کۆتایی، لەئەنجامدا دوای ئەنجامدانی 2یاری لەخولەکەدا هەردوو یانەی هەولێر و ئافرۆدێت گەیشتنە یاری کۆتایی، گێمی یەکەمی یارییەکە لەبەرژەوەندی کچانی هەولێر بەئەنجامی 5-12گۆڵ کۆتایی هات، بەڵام لەگێمی دووەمی یارییەکەدا دووبارە هەولێر گۆڵبارانی تیپی میوانی کرد، لەئەنجامدا کچانی هەولێر بەشایستەیی توانیان یارییەکە لەئافرۆدێت بەئەنجامی 10-24گۆڵ بباتەوە و نازناوی خولی تۆپی دەستی یانەکانی عێراق بۆ یەکەمین جار لەسەر ئاستی عێراق بەدەست بهێنێت، لەبەرانبەردا هەر یەک لەیانەکانی ئافرۆدێت و قەڵا پلەکانی دووەم و سێیەمی خولەکەیان دەستەبەرکرد.

لەمبارەیەوە یاریزانی یانەی قەڵا پەروین محەمەد کەپلەی سێیەمی پاڵەوانیەتیەکەیان بەدەستهێنا بۆ خەبات ڕایگەیاند: بەدەستهێنانی پلەی سێیەمی عێراق ئەنجامێکی بەرزە بۆ یانەکەمان لەم کاتەدا، پێڕۆزبایی خۆم ئاراستەی هەردوو یانەی هەولێر و ئافرۆدێت دەکەم بەبۆنەی بەدەستهێنانی پلەی یەکەم ودووەمی خولی تۆپی دەستی عێراق.

لەکۆتایدا لەلایەن بەرپرسانی وەرزشی عێراق وکوردستان خەڵات و دیاری بەسەر سەرکەوتووان دابەشکرا.

دیسان VARمقۆ مقۆی نایەوە
جەنگاوەرانی بیابان بوونە پاڵەوانی جامی نەتەوەکەکانی ئەفریقیا



هەڵبژاردەی جەزائیر بۆ دووەم جار لە مێژووی خۆیدا توانی نازناوی جامی نەتەوەکانی ئەفریقیای 32ەمین بباتە کە میسر میوانداری کردبوو، دوای ئەوەی بەتاکە گۆڵی بەغدا بونجاح لە خولەکی دووی یارییەکە لە گۆڵی سەنیگالیان تۆماریان کرد، لەبەرامبەردا سەنیگالییەکان زۆر هەوڵیاندا یارییەکە بەرامبەر بکەنەوە، بەڵام لەهەوڵەکانیاندا سەرکەوتو نەبوون.

ئەمجارەش VAR کێشەیەکی نایەوە و بووە جێی گومانی بڕیاری ناوبژیوانی کامیرۆنی لە ڕەتکردنەوەی پەنالتی بۆ هەڵبژاردەی سەنیگال و ئەم بڕیارەی ناوبژیوان مقۆ مقۆیەکی زۆری نایەوە و دەزگا میدیاییەکانی ئەو وڵاتە لە دوێنێوە هێرشی نارەوا دەکەنە سەر ناوبژیوان و تاخمی قسار کە لەبریارەکەیاندا زوڵێکی گەورەیان لە سەنیگال کرد.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی تاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Sun, 21. Jul. 2019 No: (5793)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

رائید باڵەکی گۆرانییەکی نوێ دەچڕێ



شاری سۆران دایکبووە، ماوەی چوار ساڵە لە بواری هونەر کارەکات و خاوەن چەند بەرهەمێکە، وەک خۆی دەڵێت: هەر لە منداڵییەوە خولیای هونەر هەبووە و لەڕێگەی مامێکییەوە کە گۆرانی گوتووە ئەویش بەو هۆیەوە کاریگەری لەسەر هەبووەو هانی داوە کاری هونەری بکات. ئەوە بوو لە ساڵی (2000) مامی کۆچی دوایکرد، بەڵام کاریگەری ئەو هەر لەسەری مایەوە. رائید باڵەک ئێستاکە خەریکی گۆرانییەکە بە ناوی (ئەندازیاری ئاوەدانی نێچیرڤان بارزانی) لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەکەمان گوتی: ئەم گۆرانییە لە ئاواز و تێکستی دلێر نەقەبییە، کاری دەرهێنان و کامیرەش لەلایەن ئیسماعیل شەمزینی بۆ کراوە، کاری میوزیکیش وڵات خەلیل ئەنجامی داوە، هەروەها لەستۆدیۆیی حاجی عادل زاخۆیی کاری تەواوکراوە.

سابیر: (رائید باڵەکی)، ناوێکی تازە پشکوتووی باخچەی هونەری گۆرانی کوردیە، ئەم لاوە خودان حەزو خولیایەکی زۆری گۆرانی گوتنی هەیەو بەهەگبەیەک دنیابینی خۆیەوە بە گەرموگوڕی هاتۆتە مەیدانەکەوەو دەیەوێ بوونی خۆی بسەلمێنێ، رائید بورهان مستەفا ناسراو بە رائید باڵەکی لە ساڵی 1992لە لە شارۆچکەی باڵەکیان سەر بە

فەیسبووک بە پێنج ملیار دۆلار سزادرا

بەپێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی وڵ ستریت جۆرنالْ، کۆمیسیۆنی بازرگانیی فیدراڵیی ئەمریکا لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەیەی کە پارسالْ دەستیپێکرد و بەهۆی بەکارهێنانی زانیاریی کەسیی بەبێ مۆڵەت و بە نایاسایی، تۆزی کۆمەڵایەتی فەیسبووکی بە پێنج ملیار دۆلار سزادا، لە هەواڵەکەدا ئاماژە بەوەدەکرێت بۆ ئەوەی کە بڕیارەکە یەکلایی ببێتەوە، پێویستی بە پەسەندکردنە لەلایەن وەزارەتی دادەوە و ناشزانرێت لێپێچینەوە بەمەبەستی پەسەندکردن، ماوەی چەند دەخایەنێت. هیچ ڕاگەیەنراوێک لەلایەن فەیسبووکەوە لەوبارەیەوە بڵاونەکراوەتەوە. ئاماژە بەوەشدەکرێت ئەم سزایە گەورەترین سزایە بەسەر کۆمپانیایەکی بواری تەکنەلۆژیبدا سەپێنرابێت و زۆر لەو سزایە زیاترە کە لە ساڵی ٢٠١٢دا بەسەر کۆمپانیای گوگڵدا سەپێنرا کە بڕەکەی ٢٢ ملیۆن دۆلار بوو. فەیسبووک ساڵی پار ٥٦ ملیار دۆلار قازانجی کردووە و چاوەڕوان دەکرێت ئەمساڵیش داهاتی بگاتە نزیکەی ٦٩ ملیار دۆلار.

دەیەوێت کۆنسێرت بێیەرانبەر بۆ پێشمەرگە و هێزە ئەمنیەکان ئەنجامدات

هونەرمەند بورهان محەمەد 3 بەرهەمی نوێی ئامادەی بڵاوکردنەوەیە بۆ کاری زیاتر داوای سپۆنسەر دەکات





دیانە: بەرهەم شێخ عزەدین

هونەرمەندی بەئەزموون و دەنگ زوڵاڵ (بورهان محەمەد) دەربارەی نوێترین بەرهەمی هونەری و دوا پرۆژەی هونەری بەخەباتی گوت: ئێستا سەرقاڵی چەند بەرهەمێکی هونەریم لەوانە:گۆرانی(بەزەڕان) کەوشەیەکی لوڕ یەو باواتای (زە نگی شادی) دێت.ئاوازەکەی لوڕیە و شیعری میر نەورۆزە و ئامادە وداببەش کردنی ئیبراهیم نەقدیان و ژەنیارەکان :راستی جەمال کوردی،عازف عود ،(ئیبرایم نەقدیان) لەهەمان کات ژەنیاری جۆزەیە،(ئاکۆ جەمال) بەزەڕب،(بەڕێز نەورۆز)بەدایرە بەدەف،بەدەهۆڵ. کاری کلیپی تەواو بووە کە کاری دەرهێنانەکەی (بڕیار فەتاح)ە.ئەم کارە ئێستا لەدواقۆناغی مۆنتاژدایە.ئەوهونەرمەندە دەنگ خۆشە زیاتر دەدوێت و دەڵێت:لەگەڵ ئەوکارە کار لەبەرهەمێکی دیکەش دەکەین بەناوی(لەیل و لەیل)ئەم بەرهەمە تەسەوفە،ئاوازەکەی لەگەڵ گروپی لوڕ کراوە کە هونەرمەندی بەتوانا(نزار زێوەی) ئامادە و دابەشی دەکات.هۆنراوەی (حەسەن هەڵەبجە) بییە.

بورهان محەمەد بەردەوام دەبێت لەباس کردنی بەرهەمە نوێیەکانی و دەڵێت:لەهەمان کاتدا کارێکی دیکەشم ئامادەیە بەناوی(چاوەڕێم)کە ئاوازی خۆمە و شیعری شاعیری گەورە (رازیبە) ئێستا لای مامۆستا دلێر حوسێنە.کەئامادەو دابەشی دەکات، دواپرۆژەی هونەری ئەم هونەرمەندە ئامادەکاری دەکات بۆئەنجامدانی کۆنسێرتێکی گۆرانی بۆهێزە ئەمنییەکان وپێشمەرگەی کوردستان بێ بەرامبەر، بورهان محەمەد دەربارەی ئەم کۆنسێرتە گوتی: براپێشمەرگەو هێز ئەمنییەکانی کوردستان ماندوو شەکەتن تازە لەشەڕ بونەتەوە و سەرکەوتوو بوون بەسەر داعش بۆیە دەمەوێت کۆنسێرتێکی گەورەیان بۆ سازبکەم بۆی کەمێک ماندووێتییان بحەسێتەوە ،هاتن بەبێ بەرامبەر،هەموشتێکم ئامادەکردوە بەرنامەم پێش کەش کردوە،پێم خۆشە ئەم کۆنسێرتە لەهەموشارەکانی کوردستان ئەنجام بدەم ، ئەگەرهاوکاری بکرێم و پشتگیری بکرێم. لەدوماهیدا ئەوهونەرمەندە بەئەزموونە دەڵێت : ئێمە ئامانجمان خزمەت کردنی هونەری ردسەنی کوردی و خزمەتی ئەم گەلەیە ،بەڵام کار بەتەنیا ناکرێیت بۆیە پێویستە پشتگیری بکرێین و هاوکاری بکرێین بۆئەم کارانەم گەر سپۆنسەر هەبێت و پشتیوانی بکرێم چەندین کاری دیکەشم ئامادەیە ،بۆیە هیوادارم لایەن و کەسێک هەبێت سپۆنسەری ئەم کارانەم بکات.

فڕینی باڵندەکان



فۆتۆ: مەهران حوسێن



ئەیوب عەلی باس لەنامەکانی خۆشەویستەکەی دەکات

توانا زرار

هونەرمەند ئەیوب عەلی لە دواین کاری هونەری سەرقاڵی بەرهەمهێنانی ڤیدیۆکلیپێکی نوێیە بە ناوی (نامەکانت) کە گۆرانییەکی خۆشەویستییە و بە شێوازی سینگڵ کاری لەسەر کردووە و ڕێگا بەرزنجی کاری دەرهێنانی بۆ کردووە، هاوکات کاری میکسی ئەم بەرهەمەی ئەیوب عەلی لە لایەن هونەرمەند ئاریۆس ئەنجام دراوە و کۆمپانیای ئەدیابین پڕۆدەکشن بەرهەمی هێناوە. ، ئەیوب عەلی ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە بڕیارە بۆ یەکەمجار بەشداری لە کارێکی ڕیکلامدا بکات بۆ پڕۆژەیەکی نیشتەجێبوون لە شاری هەولێر، کە ئەمەش هۆکارێکی دیکەی سەردانەکەیەتی بۆ کوردستان.

ئەیوب عەلی لە ساڵی ١٩٧٣ لە دایک بووە و لە ساڵی ١٩٩٣ەوە دەستی کردووە بە کاری هونەری و ئێستاش لە وڵاتی بەریتانیا ژیان بەسەر دەبات.

باشترین جۆرەکانی خۆراک لە هاوین دا بۆ منداڵان چییە؟



ئا: وریشە عومەر

دکتۆر کامەران رسوڵ ژاژەیی پسپۆڕی زانستی خۆراک لەلاپەڕەی تایبەتی خۆی لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک نووسیویەتی: وەرزی هاوین بە هۆی بەرزی پلەکانی گەرماوە ؛ منداڵان پێویستیان بە خواردنی کۆمەڵێک خۆراک هەیە لە پێناو تەندروستیەکی باشتر و تا دوور بن لە وشک بوونەوە و تا و بێهێزی و کەمی ڤیتامین و کانزا گرنگەکان وەک: شووتی ، ماست ، هێلکەی کوڵاو ، گەنمشامی ؛ بە برژاوی یان کوڵاوی . هەرمێ و قەیسی و کاڵەک و مزرە سێو و هەوێژە ، ماسی برژاو ، توو و شاتوو و تریێ و هەنجیر .ئەوپسپۆڕە جگە لەپێدانی ئەوخۆراکانە چەند ڕێنمایەکی دایکان و باوکان دەڵێت:پێویستە جگە لەوخۆراکانە ئەم خاڵانە پەیڕەو بکرێت:پێدانی سێ ژەمی سەرەکی بە تایبەت ژەمی بەیانی ؛ پێویستە پێش سەعات هەشت و سێ چارەک خورا بێت ،کەم کردنەوەی خواردنە خراپەکان : وەک ساردەمەنی ؛ پێویستە هەفتەی دوو جار زیاتر نەدرێت بە منداڵان و شەوان نەیخۆن ؛ باشترە نەیخۆن، بەڵام زەحمەتە ، خواردنەوەی بڕی پێویست لە ئاو لە نێوان ژەمەکان دوای تەمەنی یەک ساڵ ، ئەگەر منداڵەکەت میوەی نەخواردا ؛ بۆی بکەی بە شەربەتی فڕێش ؛ لەگەڵ دوور کەوتنەوە لە خواردنەوە گازیەکان . ڕۆژانە نیو سەعات بۆ یەک سەعات بچێتە بەر هەتاو لە نێوان سەعات نۆ بۆ دەی بەیانی ، دوور کەوتنەوە لە شەونخوونی و درەنگ هەستان .